# پێکهاتەی سوپا و کاریگەریی لەدەوڵەتی سەفەویدا (١٥٨٧- ١٦٢٩ز) لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی – شیکارییە

**دارا توفیق کاکەامین**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

مێژوی دەوڵەتی سەفەوی وەک بەشێکی گرنگی مێژوی نوێی ئێران، دەمێکە بۆتە جێگای سەرنج و بایەخی توێژەران، بەتایبەتی لایەنی شارستانی، ئەمەش دەرئەنجامی گرنگیەتی لەوێناکردنی ژیانی ڕابردوی کۆمەڵگەکان، سەفەویەکان، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە هەوڵیانداوە سوپایەک لەسەر بنەمای ئیرادەی نەتەوەیی و حکومەتی تازە دامەزراویان دامەزرێنن، بۆ ئەو مەبەستە شارەزا بون و تێگەیشتن و توێژینەوە لەپێکهاتەی سوپاکەیان، بۆ وێناکردن و دەسکەوتنی بەرچاو ڕونیەک بۆ تەواوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژگاری ئەوسای ئێران یارمەتیدەرێکی باش دەبێت. دەکرێت سەردەمی شاعەباسی یەکەم(١٥٨٧ - ١٦٢٩) بەلوتکەی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانە هەژمار بکرێت، کە لەسەرەتای کارەکانیدا بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردو تێڕوانین بۆداهاتوو، بەئیرادەیەکی پتەو و عەقڵانی توانی گرنگترین بڕیاری سیاسی بدات، ئەویش دروستکردنی سوپایەک بوو، کە بەتەواوی تەیار بوو بەتەکنەلۆژیای ئەو سەردەمە بەیارمەتی و ئەزمونی پسپۆڕانی ئەوروپی بۆ ئەوەی ئێران لەڕوی ئامرازو سیستەمی جەنگەوە لەوڵاتانی پێشکەوتوی دیکە دوانەکەوێت. بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، تێڕوانینێکی کورتە بۆ ڕێکخستنی سوپای سەردەمی شاعەباسی یەکەم و کاریگەریی چاکسازیە سەربازیەکانی لەدروستکردنی پێکهاتەیەکی نوێی سوپایدا، لەو ڕوانگەوەی کە سروشتی توێژینەوەکەش وای پێویست کردوە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شێوازی مێژویی – شیکاری بەکارهێنرێت، کە داتاکان و زانیاریەکانی سەرچاوەکان کۆبکرێنەوەو ناوەرۆکی توێژینەوەکەی پێ بخرێتە ڕو بۆیە پشت بەو میتۆدە بەستراوە، **لەکۆتایدا ئەنجامی ئەم چاکسازیانەش، بەهێنانە ناوەوەی توخمەکانی گورجی و چەرکەسی و ئەرمەنەکان بۆناو پێکهاتەی سوپای سەفەویەکان، خوێنی نوێ خرایە ناو دەمارەکانی پێکهاتە کۆنەکانی سەفەویەوە.**

**وشە سەرەکییەکان:** سوپای نوێ، قزڵباش، پلەو پایە، شاعەباسی یەکەم، ڕێکخستن.

## ١. پێشەکی [1]

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەسیستەمی حوکمرانی دەوڵەتی سەفەویدا زۆرجار ململانێ و دابەش بوون ڕویدەدا، لەگەڵ هاتنی شاعەباسی یەکەم بۆ دەسەڵات، پرۆسەی سنورداركردنی قزڵباشەکان لەگەڵ بەهێزبونی پێکهاتە سەربازیەکانی تر دەستی پێکرد، بۆیە دەرکەوتنی شاعەباس کاردانەوەیەکی لۆژیکی بوو بەرانبەر بەو نا ئارامی و ئاژاوەگێریەی کە بەناکارامەیی و لێبوردەی محەمەد خودا بندەی باوکی حوکمرانی کاروبارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازیەکانی دەکرد، کاتێک شاعەباس لەسەر تەخت دانیشت ( ١٥٨٧ ) گروپە زۆر و گەورەکانی قزڵباش خەریکبوو هەموو کاروبارەکانی حکومەت بگرنە دەست، بۆیە ئەو دۆخە شاعەباسی ڕو بەڕوی ئەوە کردەوە، کەگرنگترین کاروبار، کە شا عەباس بیخاتە لوتکەی پلانەکانی ڕێکخستنەوەی کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بوو، ئەویش بەسەرلەنوێ بنیات نانەوەی پێکهاتەی سوپای دەوڵەتی سەفەوی.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** لەو ڕوانگەیەوە دێت، کەلێکۆڵینەوەو تێڕوانینێکی گشتی لەبنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ئێران و بەراوردکردنی دەستکەوتەکانیان لەبوارە جیا جیاکاندا نیشانی دەدات، کەسەردەمی شاعەباسی یەکەم یەکێکە لەقۆناغە کاریگەرەکانی ئێران لەڕوی چەندایەتیەوە، کە دەکرێت لەمێژوی دەوڵەتی سەفەویدا بەدرەوشاوەترین قۆناغی مێژوی شارستانیەتی ئێران هەژمار بکرێت، لەبەرئەوەی خاڵی وەرچەرخان بوو، کە کارە ئیداریەکانی بەجۆرێک بوو توێژەران بەپاشگری کەبیر و شانشینی سەفەوی بیناسن.

**ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە**، تێڕوانینێکی کورتە بۆ ڕێکخستنی سوپای سەردەمی شاعەباسی یەکەم و کاریگەریی چاکسازییە سەربازیەکانی لەدروستکردنی پێکهاتەیەکی نوێی سوپایدا، کە بەکارامەترکردنی، بناغەی دەسەڵاتی قزڵباشەکان لەرزۆک بوو لەبەرانبەردا توانی پێگەی دەسەڵاتی پاشایەتی بەرز بکاتەوەو حکومەتێکی بەهێز دامەزرێنێت.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٧ کانوونی دووەم ٢٠٢٥؛ پەسەندکردن: ٦ ئازار ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢١ شوبات ٢٠٢٦ بلاوکراوەتەوە.

ئیمەیلی توێژەر: daratofiyq@uor.edu.krd

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ دارا توفیق کاکەامین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp58-69

**میتۆدی بەکارهاتوو:** لەو ڕوانگەوەی کە سروشتی توێژینەوەکە وای پێویست کردوە، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شێوازی مێژویی – شیکاریی بەکاربهێنرێت، کە داتاکان و زانیاریەکانی سەرچاوەکان کۆبکرێنەوە و ناوەرۆکی توێژینەوەکەی پێ بخرێتە ڕو.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**لەم توێژینەوەیەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کە توێژەر هەوڵدەدات ئەوە دەربخات، کە پێکهاتەی سوپای سەفەوی لەسەرەتادا چۆن بوەو شاعەباس چۆن توانی سوپایەکی ڕێکوپێک و پێشکەوتو دروست بکات؟ چۆن توانی سیستەمی فیودالی سەرۆک هۆزەکان و قزڵباش بەرەو دارمان بەرێت؟ئەمانەو چەندین پرسیاری تر بەپشت بەستن بەسەرچاوەکان و شیکردنەوەیان توێژەر هەوڵدەدات لەچوارچێوەیەکی زانستیدا وەڵامیان بداتەوە.

## ٢. پێکهاتەی سوپای سەفەوی پێش حوکمرانی شا عەباسی یەکەم:

دامەزراوەی سەربازیی لە دەوڵەتی سەفەویدا( ١٥٠١- ١٧٣٦)، ئەگەرچی بەگوێرەی سەردەمی هەر شایەک گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بەڵام بەگشتی دەکرێت بڵێین پێکهاتەی سوپا لەشێوەی هەرەمێک بوو، کە شا لەسەروی هەرەمەکەوە بوو، دەسەڵاتیکی ڕەهای هەبوە بەسەر دام و دەزگای سوپادا، پاشان سەرۆک وەزیران ( وەزیری گەورە) [1] دەهات،کەلەدوای شا گەورەترین دەسەڵاتی بەسەردا هەبوە، دواتر هەرسێ فەرماندە باڵاکەی سوپا دەهاتن، کە گوزارشت بون لە( قۆرچی باشی و قولەر ئاغاسی و تفەنگ چی ئاغاسی)، کە هەریەکەیان سەرکردایەتی پێکهاتەیەکی سوپایان کردووە. هەروەک لەتەوەرەکانی داهاتوودا باسیان لێوە دەکرێت.( نوایی و غفاری فرد،١٣٩٢ ، ٣٠٤-٣٠٥).

لەگەڵ ئەوەشدا، پێکهاتەی سوپای سەفەوی لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیاندا، بە ئاشکرا کاریگەریی دەوڵەتانی پێش خۆیان وەکو ئاق قۆینلو (١٤٦٨- ١٥٠٨ز) و عوسمانیان لەسەر بووە، بەتایبەت سیستەمی سەربازیی سەفەوی، تەواو هاوشێوەی سیستەمی سەربازیی ئاق قۆینلوەکان بوە. (ڕاوندی، ١٣٨٢، ٧٨٦)

هەروەها سوپای سەفەوی لەسەرەتادا،لەسەر بنەماو پێکهاتەی هۆزایەتی دامەزراوە، کە خۆی لەهۆزەکانی تورکمان( قزڵباش)دا بینیوەتەوە( کە لەدواتردا بە وردی باسیان لێوە دەکرێت)،لەبەر ئەوە، سەرەتای دروستبونی هێزی سەربازی دەوڵەتی سەفەوی لەوڵاتی ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ (٧) حەوت هۆزەکەی قزڵباش،ئەو هۆزانەش زیاتر گیانی سۆفیگەریی ڕێبازی سەفەویان بەسەردا زاڵبووە،کە لە هۆزەکانی ( ڕملو، ئوستاجلو، شاملو، تەکەلو، زی القدر، قاجار، ئەفشار) پێکهاتبون، [2] (شیبانی، ١٣٤٦، ٧٩)سەرۆکەکانیان سەرکردەی سوپاو ئەندامانی هۆزەکەش لەکاتی شەڕو ئامادەکردنی سوپادا سەربازبون،واتا هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی فەرمیان نەبوەو سوارەو جەنگاوەری ئازادو ئازا بوون،( ذکاء، ١٣٥٠، ١٨١- ١٨٢) هەریەکێکیشیان لەویلایەتێکدا جێگیر ببون، تا ئەوکاتەی موچەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکو پێک لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە پێدەدرا، ئامادە بوون خزمەت بکەن، سەرباری ئەوەی دەیانتوانی بەئارەزوی خۆیان لەخزمەت بکشێنەوە.( نوایی و غفاری فرد، ١٣٩٢ ،٣٠٤؛ مقتدر، ١٣٢٠، ١٥٥ )بەدرێژایی ماوەکانی سەرەتای حوکمی سەفەوی هیچ کام لە شاکان لەسەر حسابی خۆیان سوپایان ڕێك نەخستوە، بەلکو فەرمانڕەوای هەرێم و ولایەتەکان، کە سەرۆک هۆزەکانی قزڵباش بوون، بەتەواوی کەرەستەو پێداویستیەکانی شەڕیان ئامادە کردووە، کە هەریەکەیان پێنج سەد تا سێ هەزار سوارەی لەژێر فەرماندا بووە، داهاتی ئەم سوپایەش بەپێی نازناو و پلەو پایەیان لەناوچەو زەویە تایبەتییەکانەوە دابین دەکرا.( طاهری، ١٣٨٤، ٢٦١)

بەم هۆیەوە نەک تەنها دامەزراوەی سوپایی، بەڵکو وڵاتی سەفەویش سەردەمانێک بەوڵاتی قزڵباش ناوزەند دەکرا، شا اسماعلی یەکەمیش (١٥٠١- ١٥٢٤) بەشای قزڵباشەکان دەناسرا، بۆیە لەم بارەدا زۆرجار قۆرچی باشی کەسەرکردەو ڕێکخەرو ئاراستەکەری ئەو هێزە بوو دەسەڵاتی لە سەرۆک وەزیرانیش زیاتر بووە،(سێڤری، ٢٠٠٦ ،٧٨ )چونکە سەرکەوتنە بەدەستهاتوەکانی سەرەتای دەوڵەتی سەفەوی لەئەنجامی ئازایەتی و قوربانیدانی ئەوان بوە.(مقتدر، ١٣٤٧، ٤١)

کاتێک سەفەویەکان بەهێزو بازوی قزڵباشەکان توانیان دەوڵەتەکەیان دروست بکەن، بێگومان هەژمونێکی زۆریان لەدام و دەزگاکانی حکومەتدا هەبوە و لەبەشە جیاوازەکانی وەک سوپاو سیاسەت پلەوپایەی گرنگیان هەبووە، لەئەنجامدا دەوڵەتی سەفەوی جگە لەتایبەتمەندی ئاینی و مەزهەبی، تایبەتمەندی سەربازیشی هەبوو، کە قۆناغێک لەقۆناغەکان پشتی بەچەک و سوارەی قزڵباشەکان بەستبوو ، کە لێرەدا پێکهاتەی سەربازی سوپاکەیان دەخرێتە ڕو:

**١- سوارەی نظام/** قزلباشەکان بەزۆری سوارە بوون, چونکە شاکانی سەفەوی لەسەرەتادا بەگشتی حەزیان لەهێزی پیادە نەبووە،چونکە تا سەردەمی شا عەباسی یەکەم چەکەکانیان زیاتر تیرو کەوان و شمشێرو خەنجەر و قەڵغان بوو، لەبەرانبەر بوونی تفەنگی سوپای عوسمانی بەئاسانی دەکوژران.( فلسفی، ١٣٤٧، ١٧٥؛ فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٧١- ٧٢) هەر لەبەر ئەوە پێیان دەگوترا ( سوارەی نظام )، تەنها لەکاتی شەڕدا ئامادەی سوپا دەبوون، بەڵام دەبوو هەرخۆیان وڵاخ و پێداویستیەکانی تری شەڕ لەچەك و تەنانەت ئالیکی وڵاخەکانیشیان بۆ حکومەتی ناوەندی ئامادە بکەن. شارەزایی و لێهاتویی ئەوان لەتیر هاوێژی و ئەسپ سواری و شەڕکردن، ڕۆڵیان لەگۆڕینی چارەنوس و ئاکامی شەڕەکان هەبووە، کە دەبوو ئەو توانایە خۆرسك بێت نەك لەڕێی ڕاهێنان و فێرکردنی هونەرەکانی شەڕەوە، چونکە دەوڵەت کاری لەو جۆرەی نەدەکرد، هەر دەستەو تاقمێك لەو سوارانە لەکاتی شەڕدا لەژێر فەرماندەیی سەرۆك هۆزی خۆیاندا دەجەنگان. (قدیانی، ١٣٨٤ ، ١٣٣ -١٣٥)

**٢- پیادەی نظام/** ئەم بەشە لەهێزە نا هەمیشەیی وهەمیشەیەکان دەهاتنە ژمارو لەدەستەو تیپەکانی ( گاردی سلطنتی ) بوون، شارەزایی باشیان لەتەکنیک و هونەرەکانی شەردا هەبووە. (قدیانی، ١٣٨٤ ، ١٣٥)

**٣-هێزی هەرێمەکان/** ئەمانە هێزی نیزامی نەبون، بەلکو لەکاتی شەڕدا لەسەرداوای شا رەوانە دەکران و هاوشانی هێزی دەوڵەت و قزلباشەکان بەشداری شەریان دەکرد، کە زیاتر هێزی هەرێم و ویلایەت و میرنشینەکان بوون و لەژێر دەستی سەرکردەی هۆزەکاندا بوون و دواتریش لەکاتی شەرەکاندا دەچونە ژێر دەسەڵاتی میری میران. [3] (قدیانی، ١٣٨٤، ١٣٣- ١٣٥)

هەرچی چەك و کەرەسەی جەنگی قزڵباشەکانە تا سەردەمی شا عەباس، بەگشتی زیاتر لە تیرو کەوان و شمشێرو خەنجەرو ڕم و چەقۆو نێزە پێکهاتبوو،( فلسفی، ١٣٤٧، ١٧٥) هەروەها تەورێکیشتیان هەڵدەگرت کە لەژێر ڕانیان دایان دەنا، هەر ئەوان زۆرجار قەڵغانیان هەڵدەگرت، هەروەها زرێش کەبەشێکی دەم و چاوی خۆیان پێدادەپۆشی،( شاردن، ١٣٧٤ ،١١٩٢) هەندێک جاریش دەمانجەیان هەڵدەگرت بۆشەڕکردن.( مقتدر، ١٣٤٧، ٤١).

## ٣. چاکسازیەکانی شا عەباس لەبواری سوپادا:

لەسەردەمی شا عەباسدا سوارەی قزڵباش ژمارەیان نزیکەی (٦٠ ) هەزار سوارە، کە خۆشەویستیەکی وایان بۆ دەوڵەت تێدا بەدی نەدەکرا، جگە لە لایەنگیری بۆ سەرۆك هۆزەکانیان نەبێت.( صباغ، ١٩٩٩ ،٢٦٥) هەربۆیە بەهیچ شێوەیەک هێزەکان ڕێکخراو نەبوون، بەڵکو تەنها لەلایەن سەرکردەکانیانەوە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکران، ئەوان هەمیشە کاریان بۆ ئەوە دەکرد ، کە شا وەکو داشی دامە بێت بەدەستیانەوە، بەحوکمی ئەوەی خۆیان هێنا بویانە سەر کورسی حوکم.

سەبارەت بە شا عەباسیش ئەوەی لا ڕون و ئاشکرا بوو کە قزڵباشەکان ئەو هێزە نین کە پشتیان پێ ببەسترێت بۆ بەرگری کردن لەوڵات، بەتایبەت کەلەو سەردەمەدا مەترسی ئۆزبەگ و عوسمانیەکان جارێکی تر دەستی پێکردبۆوە، هەروەها دەیزانی ئەو سوپایە دەست نادەن بۆ ئەوەی بکرێن بەبنەمایەک بۆ بنیاتنانی ئەو دەوڵەتەی کە ئەو لەمێشکیدا بوو بە چاکسازی پێشی بخات.( زرین کوپ، ١٣٧٨ ، ٦٨٧) چونکە بەهۆی ئەو کاریگەرییەی، کە خۆیان و سەرکردەکانیان هەیان بوو، بووە هۆی دروستبونی ئاژەوەو فیتنەو پیلانگێری لەدەربار‌دا، ( معطوفي ، ١٣٩٠، ٦٥٨) بەهۆی ئەوەی ئەوان ئەوەندەی بیریان لەململانێ و ناکۆکی خێڵایەتی و کەسی چاوچنۆکی تێرنەکراو دەکردەوە ئەوەندە بیریان لەشتی تر نەدەکردەوە.( پارێزی، ١٣٧٨ ، ١٢٢) بۆیە دەبوو کارێك بکات کە کۆتایی بەو هێزە بهێنێ یان بەلای کەمەوە دەسەڵاتیان کەم بکاتەوە، بۆ ئەو کارەش پێویستی بەسوپایەك بوو کە ڕاستەوخۆ لەژێر فەرماندەیی دەوڵەتدا بێت، نەوەك سەرکردەی هۆزەکەی و هەرکاتێك کە دەوڵەت بڕیاریدا ئەو سوپایە ئامادەی شەڕو جێبەجێکردنی فەرمانی دەوڵەت بێت. ( زرین کوپ، ١٣٧٨، ٦٨٨- ٦٨٩)

لەسەر ئەو بنەمایە، شا عەباس بڕیاریدا سوپایەکی نوێ و ڕێکخراو دروست بکات، کە لەژێر فەرمانی دەوڵەتدا بێت و ڕاهێنراو بێت بەچەکی نوێو پێشکەوتوی سەردەم و ڕاهێنانی سەربازی نوێ بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریی و شکۆمەندی سەرکردەکانی قزڵباش،( مقتدر، ١٣٢٠ ،١٥٣) چونکە لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوە سوپای سەفەوی زۆر پێویستی بەچەک و بەتفەنگ و تۆپ هاوێژ هەبوو، بەئاشکرا دیار بوو، کە شێوازە کۆنەکانی شەڕی سوارەکان لەبەرانبەر سوپای ئاسایدا کاریگەرییان نەبوو.( مقتدر، ١٣٢٠، ١٥٤) لەدروستکردنی سوپاکەشیدا شا عەباس پشتی بە ئەزمونەکانی ئەو شاندە ئینگلیزیە بەستبوو کە بەسەرکردایەتی برایانی ( شێرلی ) لە ساڵی ١٥٩٨ز هاتبونە ئێران، تاوەکو سوپایەکی لەسەر شێوازی نوێی ئەوروپا بۆ دروست بکەن و ڕاهێنان و پڕ چەکی بکەن. (صباغ، ١٩٩٩ ، ٢٦٥)ئەمەش لەلایەک شێوازێکی نوێی پێشکەوتنی سەربازیی سەفەوی بوو، لەلایەکی ترەوە کەمکردنەوەی دەسەڵات و لاساری قزڵباشەکان دەخاتە ڕو.

شا عەباس، بۆ پێکهێنانی سوپاکەی سودی لەو ( ٢٢ ) هەزار گورجی و چەرکەسی و ئەرمەنیانە وەرگرت کە پێشوتر هاتبوونە ئێرانەوەو بڕوایان بە ئاینی ئیسلام هێنا بوو. (صباغ، ١٩٩٩ ، ٢٦٥)کە پێیانی دەوت "گیانبازەکانی دەستپەروەری من ".( بلو، ٢٠١٧ ،٧٢) ئەمەش بەو واتایە دەهات، کە لەدامەزراندنی سوپای نوێ، دەوڵەتی سەفەوی پشتی بە چینێکی سەربازی بەئەزمون دەبەست لەوانەی تورک نەبوون، لەجیاتی ئەوەی پشت ببەستن بە سەرانی قزڵباش،( احمد ، و مراد، ١٩٩٢ ،٢٨) کەپێشوتر ئەوانە خزمەتکردنی سەربازیان لێ قەدەغەکرابوو.( فلسفی، ١٣٥٣، ١٢١) سوپای نوێی سەفەوی،چ لەسەردەمی شاعەباس یا شاکانی دوای ئەو بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری تێدا کراوە، ئەوەی کە شا عەباس کردی لەبواری چاکسازی سوپادا، شاکانی پاش ئەویش زیادەیان خستە سەری، بۆیە دەتوانین بەگشتی سوپای نوێی سەفەوی سەردەمی شاعەباسی یەکەم بۆ ئەم تیپ و دەستانەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

**١: سوارە/** سەبارەت بەژمارەی ئەم هێزە، چەندین بروڕای جیاواز هەیە، یەکێک لەوڕایانە پێوایە، کە ئەم تیپە لە ( ١٥ ) هەزار کەس پێکهاتبوو، (احمد و مراد، ١٩٩٢ ،٢٨) هەروەها ڕایەکی تر پێیوایە، کە بەلایەنی کەمەوە ژمارەیان نزیکەی (١٠ ) هەزار کەس دەبوون، کە بۆخزمەتی سوپا بەکاردەهێنران. ( شاردن، ١٣٧٤ ، ١١٩١). هەندێ سەرچاوەی دیکەش بە (٢٠ ) بیست هەزار کەسیان خەمڵاندون.( بیانی، ١٣٥٣، ٧٠؛ مقتدر، ١٣٢٠ ، ١٥٣) بەڵام بەگوێرەی بۆچونی نصراللة فلسفی، ژمارەی ئەم هێزەی شاعەباس نزیکەی سی هەزار کەس بووە، بەڵام لەو ژمارەیە پانزە هەزاریان بەهێزتر و توانای خزمەتکردنی سیستەمی سەربازیان زیاتر هەبووەو ئەوانی دیکەش بەپێی بەهرەو ئەو توانایەی کە لەمنداڵیەوە فێری ببوون بۆ خزمەتگوزاریە نیشتیمانیەکان دەست نیشانکراو بوون،( ١٣٤٧، ١٧٦) لەگەڵ ئەوەشدا بیروڕای تر هەیە پێیانوایە، کە شاعەباس توانیویەتی (١٠٠ ) سەد هەزار سوپای سوارە بەکەرەسەو چەکەوە تەیارو ئامادە بکات.( مینۆرسکی، ١٣٣٤، ٥١)

شا عەباس ئەم هێزەی لە گورجی و چەرکەسی و ئەرمەنەکان دروست کرد،( احمد و مراد، ١٩٩٢ ،٢٨) کە لەمنداڵیەوە لەدەرباری سەفەویدا گەورەو پەروەردە کرابوون،( معطوفي ، ١٣٩٠، ٦٥٩) هەندێ جاریش لەڕێگەی دیاری و پێشکەشکردنەوە بۆ شاکانیان هێناون یان ڕاستەوخۆ دەیانکڕین.( مقتدر، ١٣٢٠ ، ١٥٥) جاری واش هەبووە لەڕێگەی وەزیرو بانگخوازو سەرکردەکانی سوپادا ڕاهێنانیان پێدەکراو دەبونە موسڵمان،( فلسفی، ١٣٤٧، ١٧٥) یان لەدایک و باوکێکی دانیشتوی ئێران لەدایک ببوون.( مینۆرسکی، ١٣٣٤، ٥٤)

بەگشتی ئەم هێزە بە قوللر ناسرا بوون و فەرماندەکەشیان بە ( قوللر ئاقاسی )، کە موچەی پێویستیشیان لەخەزێنەی شاوە وەرگرتوە. ( بیانی، ١٣٥٣، ٧٣؛ مقتدر، ١٣٢٠ ، ١٥٥) هەروەها پێشیان دەوترا ( غولامانی خاصەی شرین)، کە دواتر بونە هێزێکی گەورە لەهەڕەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەویدا، کە دڵسۆز بوون بۆ شاو شانشینەکەی.( صفاکیش، ١٣٩٠، ٤٦٨) یەکەم کەسیش، کە ئەو پلەیەی لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمدا وەرگرت ئەڵلاوێری خانی گورجی بوو لەنێوان ساڵانی(١٥٩٨- ١٦١٣)، وەک یەکێک لە دەسەڵاتدرترین گەورە پیاوانی سەفەوی،کە بەیەکێک لە پێنج پلە باڵاکەی ئەو سەردەم دادەنرا، پاشان کوڕەکەی ئیمام قولی شوێنی گرتەوە لەنێوان ساڵانی (١٦١٣- ١٦٣٣).( سێڤری، ٢٠٠٦، ١٤٤- ١٤٥)

شا زۆر بایەخی بەم تیپە داوەو تەنها ئەو غولامانەی تێدا وەرگرتوە کە پیاوانی هەڵبژێردراو و بەهێزو سوارچاك بوون. ( شاردن، ١٣٧٤ ،١١٩٤) هەروەها زۆربەی پیشە سەربازیەکانیشی لەدەستی خۆیان و منداڵەکانی چڕکردبۆوە. (ارجمندی،و اخوی، ١٣٩٩، ٣٥) چەکی ئەم تیپەش بریتی بووە لە ڕم و تیرو تفەنگ و تەورو شمشێری هیلالی، (راوندی، ١٣٨٢ ، ٧٨٦؛ مقتدر١٣٢٠، ١٥٥) سەربازانی ئەم هێزە تەنها بەشێکی کەمیان بۆ خزمەتی سوپا دەبران ئەوانی دیکە، کە ژمارەیان نزیکەی ( ٣٠ ) سی هەزار کەس بوون و لەکاروبارە

جۆراو جۆرەکانی حکومەتدا کاریان دەکرد، لەنمونەی دەستەیەکی سەربازی بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی مولک و ماڵی شا.( فیروز جائی ،و حیدری،١٣٩١، ٨١)هەروەها بەگوێرەی بەهرەو تواناکانیان و ئەو کارانەی کە لەمنداڵیەوە فێری ببون، ئەرکی دیکەیان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp58-69

پێ سپێردراوە،( معطوفي ، ١٣٩٠، ٦٦١ )سەرباری ئەوەی بەپێی زیرەکی و بەهرەی خۆیان لەپۆستە گرنگەکانی دەوڵەتدا دامەزراون.( طاهری، ١٣٨٤، ٢٦٣)

**٢: تفەنگداران/** ئەم سوپایە لەدەوروبەری ساڵی ١٦١٠ ز لەلایەن شا عەباسی یەکەمەوە پێکهێنراوە، نوێترین سوپای پیادەی ئێران بوون، بە تفنگچی لر ناویان دەرکردبوو، کە لەسەر بنەما سەربازییەکانی وڵاتانی خۆرئاوا مەشق و راهێنانیان پێدەکرا.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٨٣) لەبنەرەتدا ئەمانە هێزی پیادەی وڵات بون، ژمارەیان (١٢)دوانزە هەزار [4]کەس بووە، بەتفەنگداران ناوبراون، چونکە لەجێگەی تیرو کەوان ئەم هێزە تفەنگیان بەسەردا دابەشکرا بوو، شا عەباس، ئەم تیپەی بۆ رو بەرو بونەوەی سوپای یەنیچەری ( ئینکیشاری) [5] عوسمانی، لەسەر ئامۆژگاری ( روبرت شیرلی) دروست کرد بوو. (راوندی، ١٣٨٢، ٧٨٥) ئەمەش بۆ یەکەمین جار بوو هێزی پیادە لەسوپادا لەئێران دروست بکرێت، چونکە تا ئەو سەردەمە سوپا لەئێران و زۆربەی ناوچەکان لەسوارە پێك هاتبوون. ( شاردن، ١٣٧٤، ١١٩٠) ئەگەرچی ئەم هێزە سەرەتا بەپیادە شەڕیان دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی گەورەیی وڵاتەوە لەکاتی رۆیشتنی خێرادا ناچار بوون بە ئەسپەوە بجوڵێن و لەو کاتانەشدا بەسواری ئەسپ شەڕیان دەکرد.( فیروز جائی،و حیدری، ١٣٩١ ،٨٣)

ئەندامانی ئەم تیپە، لەباشترین و ئازاترین شەرکەران هەڵدەبژێردران، کە بەزۆری لە جوتیارەکان و دانیشتوانی شارەکان پێکهاتبوون ، کە بەرەگەزو بنەچە ئێرانی رەسەن بوون. (احمد و مراد، ١٩٩٢ ،٢٨) بەڵام ئەوە بەو واتایە نایەت، کە تەنها ئێرانیەکان لەم سوپایەدا خزمەتیان کردوە، بەڵکو هێزی کۆچەری عەرەب و هۆزە عەجەمەکانی خوراسان و ئازربایجان و تەبەرستانیش دەبینران.( برن، ١٣٤٩، ٧٩) سەرباری ئەوەی باشترین تفەنگچیەکانی ئێران لەسەردەمی شاعەباسدا، تفەنگچیانی مازندەران بوون، کە بەئازایەتی و چاونەترسی و شارەزایان لەشەڕە جۆراو جۆرەکاندا ناسرا بوون. ( فلسفی، ١٣٤٧، ١٧٨)

لەبەر ئەوەی پیشەی زۆربەی تفەنگداران کشتوکاڵ بووە بۆیە لەکاتی ئاشتی و نەبوونی شەڕدا رێگەیان پێدراوە، کە مۆڵەت وەربگرن و بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان بۆ سەرپەرشتی کردنی زەوی وکشتوکاڵ کردنیان. ( شاردن، ١٣٧٤، ١١٩٣؛ فلسفی، ١٣٤٧، ١٧٧) بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تێکڕای ساڵ موچەیان لەحکومەت وەردەگرت، دەبوو لەکاتی پێویستدا بەزوترین کات ئامادە بن. (راوندی، ١٣٨٢ ،٧٨٥) ئەم هێزە لەسەرەتادا لەژێر فەرمانی ( یوزباشی ) [6] دابوون .( ثواقب ، ١٣٩١، ٦٧)بەڵام دواتر ( تفەنگ چی ئاغاسی ) سەرکردایەتی ئەم تیپەی دەکرد، کە بەناوبانگترین فەرماندی گشتیان لەسەردەمی شاعەباسدا، قەرەچغای خان بوو، کە لەهەمان کاتدا فەرماندەی سوپاش بوو.( معطوفي، ١٣٩٠، ٦٦١)چەکەکانیشیان، بریتی بوو لە شمشێرو خەنجەرو، هەروەها تەوریشیان هەڵدەگرت، سەرباری تفەنگ. ( شاردن، ١٣٧٤، ١١٩٣)کە لەجۆری فتیلەیی بوو لە تفنگە نوێیەکان کورتتر و بچوکتر بوو. (راوندی، ١٣٨٢، ٧٨٥)کە سەربازەکان لەکاتی تەقەکردندا بە پشت بەستن بە ئەژنۆیان تەقەیان دەکرد و تیرەکانیان زۆر وردو مەترسیدار بوون، تەنانەت لەکاتی سواریشدا توانای تەقەکردنیان بەشێوەی هەرەمەکی هەبوە.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٨٤) هەر لەو چوارچێوەیەدا شاردن دەڵێت: یەکێک لەم سوپا دوانزە هەزار سەربازییەی پیادە کە دروست بوو، پێی دەوترا فەوجی تفەنگداران، چونکە لەبری تیرو کەوان چەکی ئێرانیان بەکاردەهێنا، کە شاعەباس پێیدابوون، ئەمەش یەکەم هێزی پیادە بوو کە هاتە ناو ئێرانەوە،کە پێشوتر تەنها لەشەرەکاندا پشت بەئەسپ بەسترابوو، بۆیە ئەمە یەکەم هێزی سوپا بوو کە چەکی ئاگرین بەکاربهێنن.( ١٣٧٤، ٢٠٦-٢٠٧ ) سەربار ئەوەی، کە زۆر گرنگ بوون و خودی شا پەیوەندیەکی باشی لەگەڵیان هەبوە و حەزی لەپێیکهاتەکەیان بووە.(معطوفي، ١٣٩٠، ٦٦٠) لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ وایە، کە تفەنگچیەکان لقێک بوون لەغوڵامانی شاو بەفەرمانی ئەو خراونەتە ناو نوسینگەی غوڵامانەوە.( برن، ١٣٤٩، ٧٨)

**٣: شاهسوان (شا سوان)/** شا عەباس ئەم هێزەی لەو قزڵباشانە دروست کرد بوو، کە جێگەی بڕوای بوون و لایەنگری خۆی بوون،( احمد و مراد، ١٩٩٢ ، ٢٨) مەبەستی شا لە پێکهێنانی ئەم هێزە بۆ ئەوە بو کە قزڵباشەکان لەخۆی ڕازی بکات و وا نیشانی بدات کە هێشتا ئەوان جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانن لەلایەن دەوڵەتەوە. لەلایەکی تریشەوە دەیویست لەرێی بەشداری پێکردنی هەندێکیان لەم هێزەداو پەراوێزکردنی هەندێکی تریانەوە کێشەو ئاژاوەو دوبەرەکی بخاتە نێوان هۆزەکانی قزڵباشەوە. ئەم هێزە نزیکەی لە(٣٠) [7]هەزار کەس پێکهاتبوون، سێ یەکی ئەوان سوارە بوون و ڕاستەوخۆ لەژێر فەرماندەیی و چاودێری شادا بوون و بە ( دوستدار شاە – دۆستی شا) ناسرا بوون. ( زرين کوب، ١٣٧٨ ،٦٩٠) تاکە شت، کە ئەم هێزەی کۆدەکردەوە، کۆبونەوەیان بوو لەدەوری شا عەباس و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شاو دڵسۆزی و خۆ نەویستی و بەرگریکردن بوو لەخاکی ئێران دژی دوژمنەکانی ئێران و شاعەباس.

ئەم هێزە کڵاوی تایبەتی سەفەوی کەپێی دەوترا( کڵاوی سور ـ تاجی حیدری) یان لەسەر دەکردو چەکەکانیشیان بریتی بوو لە شمشێرو خەنجەرو هەروەها تەورێکیشیان لەسەر پشتی خۆیان دادەنا. ( شاردن، ١٣٧٤، ١١٩٥ )بەڵام شا عەباس بەدروستکردنی ئەم هێزە نوێیە لە گورجی و چەرکەسی و ئەرمەنی، کە بە قوللر ناسرا بوون، کاریگەریی و شکۆی ئەوانیشی کەمکردەوە.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٨٥)

**٤: جەزایری/** هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی کە لەکاروباری ئیداری و سەربازیدا لەسەردەمی شا عەباس کرا، دەستەیەک دروستبوون بەناوی جەزایری، کە بۆ خزمەتکردن ڕاسپێردرا بوون.( فیروز جائیو حیدری، ١٣٩١، ٨٧) ئەمان پێکهاتبون لە (٦٠٠) لاوی باڵا بەرزو خاوەن تایبەتمەندی هێزو توانا، کە مەبەستی سەرەکی لەدامەزراندنیان، چاودێری خودی شاو کۆشك و دەرباری شا بوو، کە (سەرۆک وەزیران) لەپێناو خۆ بردنە پێش لەشا پێشنیازی دروستکردنی ئەو دەستەیەی کردوە تابەشێوازێکی جوان و ڕێکخراو و پێشکەوتوو، لەکاتی چوونە دەرەوەکانی شادا هاورێیەتی و پاسەوانی لێ بکەن، هەروەها پاراستنی کۆشك و سەراو، پاسەوانی حەرەمسەراکانیش لەئەستۆی ئەم دەستەیەدا بووە. کە لەژێر فەرماندەیی ( تفەنگ چی ئاقاسی ) دا کاریان کردووەو چەکی ئەوان بریتی بووە لەتفەنگ کە دەوڵەت پێیداون، هەروەها شمشێرو خەنجەریشیان هەڵگرتوە. ( شاردن، ١٣٧٤، ١١٩٥-١١٩٦ ) ئەوە جگە لەوەی دەمانجەیەکی وایان پێدراوە، کە تەنها بەشێوازێکی تایبەت دەتوانرا تەقەی پێ بکرێت. (فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٨٧).

**٥:تۆپچیان/** لەسەرەتای سەردەمی سەفەویدا تۆپ چەکێکی گرنگ نەبوە و وەک یەکێک لەتوخمە سەرەکیەکانی سوپای ئاسایی بەکارنەهێنراوە، بەڵام گرنگی پێدانی سەفەویەکان بە تۆپ وەک هێزی سەربازیی نوێ بۆ دوای شکستی شەڕی چاڵدێران دەگەڕێتەوە.( ثواقب، ١٣٩١، ٦٩) هەروەک (شاردن) دەڵێت:" ئەم تیپە لەسەرەتاوە لەسەر دەستی شا عەباسی یەکەم لە نزیکەی ( ١٥ ) [8] هەزار کەس دروستکراوەو لەژێر فەرماندەیی ( تۆپ چی باشی )دا بەرێوە دەچوون، کە ئەوکات ئەو پۆستە بەدەستی ( حسین قلی خان) ەوە بووە. (١٣٧٤ ، ١١٩٧)." دەستەی تۆپچیان،

راستەوخۆ سەربە شا بوون و تیپێکی ڕاهێنراو و ئامادەکراو بوون بۆ جەنگ. ( زرین کوب، ١٣٧٨، ٦٩٠)

ئەوەی شیاوی باسکردنە بەشێوەیەکی فراوان و بەژمارە زیاتر بۆ یەکەمجار لەسەردەستی شا عەباسی یەکەم تۆپ هاتە ناو سوپای سەفەویەوە، لەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەو پێش ئەو مێژووەش ئەگەر تۆپ لەناو ئەو سوپایەدا هەبوو بێت لەڕوی ژمارەوە کەم و لەڕوی پێکهاتەوە دواکەوتوو بووە. ( صباغ، ١٩٩٩، ٢٦٦) ئەو شاندە ئینگلیزییەی کە لەساڵی ١٥٩٨ز هاتنە ئێران، شا ڕێزیان لێدەگرێت، کاتێک سەردانی دەکەن، وەکو دەرفەتێک دەبینێت بۆ ئەوەی سوپاکەی لەگەڵ عوسمانی و ئەوروپیەکان هاوشان بکات ، بۆیە سود لەتواناکانیان دەبینێت، کە دواتر ڕۆڵی گەورەیان لەهێنانە ناوەوەی تۆپ بۆناو سوپای سەفەوی هەبوو ، هەروەها ڕاهێنانی ئەو سوپایە زیاتر لەسەر شێوازی کارکردن و بەکارهێنانی تۆپەکان بووە، بەتایبەت (روبرت شێرلی) لەهەندێ لەشەڕەکانی سەفەوی بەرانبەر بەعوسمانی ڕاستەوخۆ بەشداریکردووە. (احمد ،و مراد، ١٩٩٢، ٣٣) بەو پێیەی ئێرانیەکان کەمتر تۆپیان بەکارهێناوەو تەنها لەشەڕە زەمینیەکان سودیان لێوەرگرتوە.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٨٧)

یەکێک لەڕۆژئاواییەکان، کە لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمدا سەردانی ئێرانی کردوە ئاماژە بەوە دەکات، ئێرانیەکان لەڕێگەی ڕوبرت شێرلیەوە هونەرەکانی جەنگ فێربون و لە ئێستادا خاوەنی ( ٥٠٠ ) تۆپی برنجی ئەوتۆن کەدەتوانن بەگورزی توندو چەکی ئاگرین ڕوبەڕوی دوژمنەکانیان ببنەوە. (راوندی، ١٣٨٢، ٧٨٣؛ نوائی، ١٣٦٤، ٢١٣) ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە شا عەباس بەتەنگ دروستکردنی هێزی تۆپخانەوە بوە جیاواز لەشاکانی پێش خۆی، ئەمەش ئەو بۆچونە بەهێز دەکات، کە هێزی سەفەوی هیچ ئارەزو و بەرژەوەندییەکیان لە تۆپچیەکاندا نەبووە، بەڵام لەپێکهاتەی سوپای نوێی شاعەباسدا تۆپچیەکانیش پێکهێنراون و جێگای بایەخی ناوبراو بوون و لەسەردەمەکەیدا بوون بەهێزێکی سەربازیی کاریگەر، هەر بۆ ئەو مەبەستە لەئەسفەهان کارگەی چەکی دەمانجەو تۆپ دروستکراوە کە تاساڵی ١٨٠٩ بونی هەر هەبووە.( ثواقب، ١٣٩١، ٧١، ٩٢)

**٦:هێزی دەریایی/**سەفەویەکان بەدرێژایی حوکمی خۆیان خاوەنی هێزی دەریایی نەبوون، ئەمەش وایکرد بوو ئەو هێزە جۆربەجۆرانەی کە ڕوویانکردۆتە کەنداو بەئاسانی جێی خۆیانی تێدا بکەنەوە، ئەگەرچی لەسەردەمی شا عەباسدا، هەوڵدراوە بایەخ بەئاوەکان بدرێت و شا بەهاوکاری ئینگلیزەکان، هەوڵیداوە لەساڵی (١٦٢١ز) پورتوگالیەکان لەکەنداو بکاتە دەرەوە، هەروەها بەندەرەکانی ( کمبرون- عەباس و جاسك )ی خۆماڵی کردوە، بەڵام هەوڵەکانی ئەو شایەش زیاتر بۆ مەبەستی بازرگانی بوە نەوەك سەربازی. ( شاردن، ١٣٧٤، ١٢٠٥؛ معطوفي، ١٣٩٠، ٦٥٥) ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەوانەی هەوڵیانداوە بەرگری لەو کەموکوڕتیەی شا عەباس بکەن، پێیانوایە کەش و هەوای کەنارە ئاویەکان لەبار نەبووە بۆ دروستکردنی ئەو هێزەو ژیانێکی ئاسودە بۆیان.( بخش،١٣٤٠، ٤١٥- ٤١٦)

**٧: نسقچی لر/** ئەمانە گروپێکی تر بوون لەسەردەمی شاعەباسدا، کە چین و توێژێکی ناو سوپا بوون و بەرپرس بوون لەپاراستنی ڕێگەو بانەکان و ئاسایشیان لەکاتی هەڵمەتەکاندا دابین دەکرد، فەرماندەی گشتیان ناوی ( نسقچی باشی ) بوو، ژمارەیان بە نزیکەی (٣٠) سی هەزار کەس خەمڵێنراوە،هەروەها کاتێک لەئەرکی خۆیاندا بوون لەکاتی شەرەکاندا.( فیروز جائی،و حیدری، ١٣٩١، ٨٧)هەروەها دەرگای ناوەندە گرنگەکان و دامەزراوە دەوڵەتیەکانیشیان پاراستوە،( معطوفي، ١٣٩٠، ٦٦١) چەکی ئەم هێزە زۆرتر بریتی بوە لەشمشێرو چەقۆ و کەوان، هەندێ جاریش تفەنگ بوە.( مقتدر، ١٣٤٧، ٤٧)

لەپێکهاتەی سوپای سەفەویدا، گروپێکی تری نارێکخراو هەبوون کە پێیان دەوترا ( یاساقی)، ئەوان دەستەیەک بوون بە ڕواڵەت لەخزمەت میرەکانیاندا بوون و ژمارەیان نزیکەی (٥٠٠) پێنج سەد کەس دەبوون، زۆرجار لەکوردەکانی کەلهوڕ و ناوچە سنوریەکان هەڵدەبژێردران و خۆیان و خانەوادەکانیان داهاتیان وەردەگرت، کەسەرۆکایەتی ئەم دەستەیە بە یەساقچی دەناسرا.( ورهرام، ١٣٦٨، ٢٠٦) هەر لەو چوارچێوەیەداو نزیک لەو هێزانەی باسکران، هەندێکجار خێڵە کوردییەکانیش بەشێکی سوپای سەفەویان پێکهێناوە، بۆ نمونە، شا عەباس خۆی لەخان ئەحمەد خانی هەڵۆخان (١٦١٩- ١٦٣٢) ی میری ئەردەڵان نزیک کردۆتەوە، ناوبراویش ئامادە بوە لەپێناو شا عەباسدا هەموو شتێک بکات، هەر وەک شەڕی هۆزەکانی بڵباس و موکری و دەوڵەتی عوسمانیشی بۆ کردووە.( سێڤری، ٢٠٠٦ ، ٢٧- ٢٨) لەسەر ئەو بنەمایەش شاعەباس فەرمانیکردوە بەخێڵە تایبەتیەکان و هەرچینێک کەئامرازی سەربازی هەبێت و بتوانێت خەڵک یان خزمەتکارەکانی چەکدار بکات ئەوا دەتوانێت بەشداربێت لەسوپای شاهانەدا.( مینۆرسکی، ١٣٣٤، ٥٨)

جگە لەمانەی سەرەوە کە باسکران، ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە لەماوەی دەسەڵاتداریەتی شاعەباسی سەفەویدا، هەندێک گروپی تری سەربازی هەبوون، وەکو سۆفیەکان، کەلایەنێکی بچوکی سوپای سەفەویان پێکهێناوە، چونکە شا عەباس لەپەلو پۆی خستبوون و بێهێزی کرد بوون، تا وایلێهات بەرەو پوکانەوە چوون. ( جومعە، ٢٠١٥ ، ٧٥)

بە بۆچونی مرتضی راوندی، لە چاکسازیە سەربازییەکانی سەفەوی لەسەردەمی شاعەباسدا، ئەو هێزە نوێیەی دروستکرا، نزیکەی (١٢٠) سەدو بیست هەزار کەس دەبوو، کە (٤٤) چل و چوار هەزاریان سوپای هەمیشەیی بوون و لەقورچی و تفەنگچی و تۆپچی و غولامەکاندا ڕێکخرا بوون، هەروەها (٧٥) حەفتاو پێنج هەزار کەسیش سوپای دەرەبەگی بوون و چەند هەزاریش لەقزلباشەکان بوو،سەرباری بوونی سوپای هۆزە ڕەشماڵ نشینەکانی تورک و کورد و سوپاکانی ئەمیرانی دەرەبەگی جێنشین بووی ئێران. ( ١٣٨٢، ٣٩٨)

ئەگەر هەموو ئەو هێزو تیپە پیشەیانە لەبەرچاو بگرین، کە بەچەکداری لەگەڵ سوپادا دەجوڵانەوە، ئەوا دەکرێت ژمارەکە لە (١٥٠) سەدو پەنجا هەزار کەس تێبپەڕێت،( مقتدر، ١٣٢٠، ١٥٧) بەڵام بەبۆچونی مینۆرسکی بەپشت بەستن بە کتێبی (تذكرة الملوك)، لەو (١٢٠ ) سەدو بیست هەزار سەربازەی پێشوتر ئاماژەیان بۆکرا پەنجا هەزاریان سوپای نوێ بون و حەفتا هەزاریشیان خەڵکی شارەکان بون و پاسەوانی شاهانەش نزیکەی دە هەزار کەس دەبوون.( ١٣٣٤، ٥٩) لەڕاستیدا دەشێت بۆچونەکەی راوندی لە ڕاستیەوە نزیکتر بێت، چونکە ناشێت سوپای مەشقپێدراوی سەفەوی بەو ژمارە زۆرە بووبن کە سەرچاوەکانی دیکە ئاماژەیان بۆ کردوە.

سەبارەت بە پلەو پایە سەربازییەکانی دەوڵەتی سەفەوی، دەشێت ئاماژە بدرێت بەوانەی کە لەسەرەتای دەوڵەتەوە تا هەرەسهێنانی پێکهاتەی سوپاکەیان پێکهێناوە کە خۆیان لە قۆرچی باشی، میری میران، قوللر ئاقاسی، تفنگدار ئاقاسی....، بینیوەتەوە،بەڵام هەندێک لەو پلەو پایانە لەسەردەمی شا عەباسی یەکەمدا گرنگی تایبەتیان پێدراوەو ئەرکەکانیان جیاواز دەرکەوتوە لەسەردەمەکانی پێشووتردا،[9] کە لێرەدا ئاماژە بەو پلەو پایانە دەدەین کە بەلای شا عەباسەوە گرنگ بوون و گۆڕانکاری لە بەرپرسیاریەتیاندا کراوە لەوانە:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp58-69

**-قورچی باشی:** پایەکی گەورەی سەربازی بوە، بەو کەسە دراوە کە لەکاتی شەردا سەرکردایەتی سوپای قزڵباشی کردوە، تا هاتنی شا عەباس، قورچی باشی سەرکردەی گشتی سوپا بوەو یەکێك بوە لەو چوار فەرمانبەرەی کە دیوانی چوارینەی سەفەویان پێکهێناوە، لەبەرانبەر وەزیری جەنگ بوەو لەدوای وەزیری گەورە لەدەزگای حکومەتدا پلەی دووەمی هەبوو، تەنانەت لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمیشدا، کە یەکەیەکی نوێی ناتورکمان دروستکراو ملکەچی فەرماندەیی قۆرچی باشی نەبوون، بەڵام ئەم بەرپرسە لەکاروباری حکومەتدا گرنگیەکی زۆری هەبوو.( سیوری، ١٣٩٤، ٩٧) بۆ ماوەیەکیش لەسەردەمی شاعەباسدا ئەم پۆستە لەژێر فەرماندەیی ئەڵلاویردی خان دابووە، کە رۆڵێکی گرنگی لە چاکسازییەکانی ناوبراودا هەبوو.(معطوفی، ١٣٩٠، ٦٥٩)

قورچی باشی، کاریگەریی لەسەر بڕیارو فەرمانەکانی خودی شا هەبوە ، چونکە لەپێکهاتەی سوپادا پاسەوان و سوارچاکی تایبەتی شاهانە بوەو ئەرکی پاراستنی خودی شا و کۆشکی شاهانە بووە.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٨٦؛ فلسفی، ١٣٤٧، ٢٠٧)هەروەها بیرۆکەو بۆچونەکانی لەکاروباری سوپاییدا جێگای بایەخ بوە،ڕێکخستنی سوپاو دانان و لابردنی سەرکردە سەربازییەکان و سەرپەرشتی هەموو کارخانەکانی دروست کردنی چەك و تەقەمەنی لەژێر دەستی ئەودا بووە، سەرباری دامەزراندن و دابینکردنی یەکە سەربازییە جیاوازەکانی سوپا،هەروەها گروپە جیاوازەکانی پیادەو سوارەی نیزام لەژێر چاودێری قۆرچی باشیدا ئەرکی خۆیان جێ بەجێکردوە،کە ژمارەیان لەکاتی شەڕو ئاشتیدا گۆڕانی بەسەر داهاتوە. ( قدیانی، ١٣٨٤، ١٣٥؛ رضایی، ١٣٧٨، ١٦٤)

بەگوێرەی بۆچونی نصرالله فلسفی، ژمارەی قۆرچییەکان لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمدا گەیشتۆتە دوانزە هەزار کەس، هەمیشەش ئامادەی خزمەتکردن بوون لەژێر فەرمانی ئەودا، هەروەها ئەگەر کەمتەرخەم بانایە لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان **ئەوا لەخزمەتی شاو پێگەکەیان بێ بەش دەبوون و ئەو شەرەفە گەورەیەیان لێوەر** دەگیرایەوە.( ١٣٤٧، ٢٠٧)

**- میری میران ( سپا سالار):** ئەمە میری هەموو میرەکانی قزڵباش بووە، پایەکە بەهەمان شێوەی قورچی باشی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی شا عەباس و زیاتر بەدەستی سەرۆك هۆزەکانی قزڵباشەوە بووە، ئەو سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی قزڵباش بووە. (سێڤری، ٢٠٠٦، ١٥٨ ) ئەگەرچی لەسەردەمی شا عەباسدا، پایەی میری میران هەر مابوو، بەڵام شا گۆڕی بە ( صدر لشکری)، تا بەتێپەر بونی کات و لەکۆتایەکانی حوکمی سەفەویدا نازناوی کۆنی ئێرانی کە ( سپا سالار ) بوو شوێنی گرتەوە. ( شاردن، ١٣٧٤، ١٢٠١)

**- قوللر ئاقاسی:** ئەم پایەیە شا عەباسی یەکەم دای هێناو بە ( ئەللا ویردی خان ) ی گورجی بەخشی، کە پایەی سەرکردەی لەشکری غولامان ( سوارە) ی سەفەوی بوو. (سێڤری، ٢٠٠٦، ١٥٨) ئەللا ویردی خان لەسەردەمی شاعەباسدا وەک فەرماندەی گشتی سوپا بووە، کە کەس لەڕوی پێگەو گرنگیەوە لەگەڵ ئەو یەکسان نەبووە، لەماوەی دەسەڵاتیدا ڕۆڵێکی گرنگی لەچاکسازیەکانی شا عەباس و چەسپاندنی دەسەڵات و زاڵ بوون بەسەر نەیارەکانیدا بینی.( ارجمندی و اخوی، ١٣٩٩، ٣٦) وەک لەناوبردنی مورشید قولیخان، هەروەها لەناوبردنی دەسەڵاتی ڕەهای هەریەک لە یەعقوب خانی زولقدرلەهەرێمی فارس و ئەحمد خانی گەیلان لە گەیلان و شاوێری خانی لوڕ لە لوڕستانی گەورە. هەروەها قوللر ئاغاسی، نازناوی ( رکن الدولە) ی هەبووە، پاش ئەللا ویردی خان، ( قەرە چقای خان ١٦١٦- ٢٥ مارس ١٦٢٥)

هەمان ئەو پلەیەی وەرگرتوە لەدەوڵەتی سەفەویدا، کەسوپاکەشیان ژمارەیان لەدوروبەری (١٥-١٨ )هەزار کەس خەمڵێنراوە.(کمپفر، ١٣٦٣، ٨٩)

**-نوسقچی باشی**:سەرپەرشتی ئەو هێزەی کردوە،کە لەکاتی هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێدا ئەرکیان دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی کەمپەکان و {ێگاوبانەکان بوە، چەکیشیان زۆرتر شمشێرو تەورو زین بوە.( سالک، ٢٠١٧، ٢٣٤)

## ٤. موچەو چەکی سوپای سەفەوی:

هەتاکو هاتنی شا عەباس، وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، دەوڵەت موچەی سەربازانی نەداوە، بەڵکو زەوی کشتوکاڵی ( تیول و ئولکە)ی [10] پێداون، تاکو لەجیاتی موچە سود لەبەرهەمەکانی وەربگرن، کە شا عەباس هاتە سەر حوکم، شێوازی موچەی گۆڕی و بڕیاریدا، کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ موچەیان پێ بدات، هەروەها موچەی هەر سەربازێك کەمتر نەبووە لە ( ٥ تومان) و بەو پارەیەش هەر سەربازێك توانیویەتی ژیانی خۆی و ئەسپەکەی زۆر بەباشی بەڕێ بکات، ئەمە لەکاتێکدا کە فەرماندەو پلەدارەکان بارودۆخیان باشترو موچەکانیان زۆر لە سەربازەکان زیاتر بووە. (ڕاوندی، ١٣٨٢ ، ٧٩٠)

لەسەردەمی شا عەباسی یەکەمدا، لەکاتێکدا موچەی غولامێك لەنێوان(٨ -٩) تومان بوە و موچەی تفەنگداریکیش نزیکەی نیوەی ئەو ڕێژەیە بووە،( شاردن، ١٣٧٤ ،١١٩٦) بەڵام موچەی ئەفسەرو پلەدارەکان زۆر لەو پارەیە زیاتر بوەو موچەی هەندێکیان گەیشتۆتە (١٠٠٠) تومان. ( شاردن، ١٣٧٤ ، ١٢٠٢ )لەبەر ئەوەی موچەیان پێدەدرا، دەبوو هەموویان بەدرێژایی ساڵ هەرکاتێک پێویست بوایە ئامادەبونایەو ساڵانە ڕاپۆرتیان بدابایە.(معطوفی، ١٣٩٠، ٦٦٠) هەرچی پەیوەستە بەموچەی ساڵانەی قۆرچی باشی لەسەردەمی شاعەباسدا لەنێوان( ١٠٠٠- ١٥٠٠) تومەن بووە، سەرەڕای ئەوەش قۆرچییەکانی دیکەش لەگەنجینەی شاهانە موچەو خانەنشینی تایبەتیان هەبووە.( فلسفی، ١٣٤٧، ٢٠٨)

سەبارەت بەداهاتی ساڵانەشیان، هەریەک لەو پلەوپایانە دەرامەت و داهاتی تایبەت بەخۆیان هەبوە، بۆ نمونە، قورچی باشی داهاتی ساڵانەی (٢٥٨٠) تومان و (٣٣٨٧) دیناری [11] (لەتیول) هەبووە، سەرباری داهاتی دیکەش کەبۆی دانرابوو، هەرچی قوللر ئاغاسیشە، جگە لە (٢٠٠٠) تومان، پارەی لەداهاتی دیکەش کۆکردۆتەوە، تفەنگچی ئاغاسیش، پارچەیەک زێڕی وەک پارەی پێشەکی پێدراوە، هەروەها (٧١١) تومان و (٥٦٥١) دیناری لەتیول هەبووە، لەگەڵ بڕێکی کەم لەداهاتی دیکە.( پارێزی، ١٣٧٨، ٢٧٧ -٢٧٨)

هەروەها شا عەباس بەمەبەستی دابینکردنی موچەی سەربازانی سوپا نوێیەکەی دەستی کرد بوو بەگۆڕینی زەویەکان بۆ موڵکی تایبەت، کە پێشوتر گرفتی گەورەی بۆ دروست کرد بوون، کەداهاتی بەدەستهێنراو بەویست و ئیرادەی سەرکردەی سوپاکان بووە، بەڵام بەو گۆڕانکاریە، داهاتی وەدەست هاتووی دەوڵەت چوە خەزێنەی شاوە، بەم سیاسەتەش، دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی وئابوری سەرکردەکانی کەمکردەوەو شا سەرمایەی پێویستی بۆ پێدانی موچەی سوپای جێگیر بەدەست هێنا.( ثواقب، ١٣٩١، ٧٤-٧٥) ئەوەی کەهاوکاری ئەم سیاسەتەی شاعەباسی کرد، هۆکارەکەی پەیوەست بوو بەسیاسەتی قۆرخکردنی ئاوریشم و گۆڕینی زەویەکانی میری بە زەوی تاج، کەلەڕێگای گرتنەبەری ئەو سیاسەتە داراییە، شا عەباس مەبەستی بوو پارێزگاری بکات لەسەروەت و سامانی لەڕێگای زیادکردنی توانا داراییەکانی خەزێنەی

شا بۆ ئەوەی پایەکانی سیستەمی حوکمڕانی خۆی لەبەرانبەر مەترسیە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەهێز بکات.( مراد و کەریم، ٢٠١٥، ٥٣)

چەکیش، یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی دامەزراوەی سەربازی هەر دەوڵەتێک، بەڵام لەسەرەتاکانی حوکمی سەفەویدا دەوڵەت چەکی بۆ سەربازەکان ئامادە نەکردوە، بەڵکو ئەوان خۆیان دەبوایە چەك و پێداویستی تری سوپا ئامادە بکەن، بەڵام کە شا عەباسی یەکەم هاتە سەر حوکم پیاوێکی ڕاست بینین بوو سەربازەکانی خۆی بەچەک و تفەنگ و تۆپ پڕ چەک کرد، بۆیە بڕیاریدا کە لەوەو دوا دەوڵەت چەك بەسەر سەربازەکانیدا دابەش بکات، سیستەمی دابین کردنی چەك لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سوپا شاکانی دوای شا عەباسیش لەسەری ڕۆیشتن. بۆ ئەو مەبەستە، دەوڵەتی سەفەوی، لەدو ڕێگاوە چەکیان دەست دەکەوت:

١/ لەڕێگای کڕینی لە ولاتانی دەرەوە، بەتایبەت لەڕێی ولاتانی ئەوروپاوە هەندێ جار ئەو ولاتانە بەبێ بەرانبەر چەکیان بەسەفەوی دەبەخشی تاوەکو بۆ بەرەنگاربونەوەی عوسمانی ئامادەو تەیاری بکەن.(صباغ، ١٩٩٩ ،٢٦٦)هەر بۆ نمونە، ئیمپراتۆری ڕوسی (ئیڤانی چوارەم ١٥٣٠-١٥٨٤) لەسەردەمی شا تەهماسبدا نوێنەرێکی خۆی بەناوی (دۆلمیت کارپیڤیچ) ناردۆتە لای شاو (٣٠ ) سی تۆپ و چوار هەزار تفەنگی بەدیاری پێبەخشیوە، لەگەڵ چەندین ئەفسەری ڕوسی بۆ مەبەستی مەشق پێکردنی سوپای سەفەوی.( گۆمەتالی، ٢٠١١، ١٤٩)

٢/لەڕێگای دروستکردنی چەك لەناوخۆیی ولاتدا،دەوڵەتی سەفەوی خاوەن جبەخانەو شوێنی تایبەت بەدروستکردنی چەك و تەقەمەنی بوون. ( صباغ، ١٩٩٩ ،٢٦٦)سەفەویەکان لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمدا، خاوەن چەکی جۆراو جۆر بوون لەوانە: تیروکەوان، شمشێر، تۆپ و تفەنگ، ( ڕاوندی، ١٣٨٢ ،٧٩٢ ) کە حکومەت لەیەک کاتدا لەگۆڕەپانی جەنگ دەی توانی پەنجا هەزار شمشێر پێشکەش بەسەربازەکانی بکات.(مقتدر، ١٣٢٠، ١٥٧) هەروەها خەنجەرەکانی ئەو قۆناغە بەشێوەیەکی هیلالی دروست کراون و جیاواز بوون لەسەردەمەکانی پێشو، سەرباری ئەوەی لەجیهانی ئیسلامیدا بەناوبانگ بوون بەو نەخش و گوڵانەی کەلەسەریان نەخشێنرا بوون. (صفاکیش، ١٣٩٠، ٥٣٨)

بەوردبونەوە، لەجۆری چەک و تەقەمەنی سوپای سەفەوی، دەردەکەوێت هەمان ئەو چەکانە بوون کەلەسەردەمەکانی پێش دروست بونی دەوڵەتی سەفەوی باوبون، بەڵام لەو سەردەمەدا پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە لەڕوی چۆنیەتی و چەندیەتیەوە، زۆر جار وێنەو نوسینیشیان لەسەر هەڵکەنراوە، لەڕوی چەندیەتیشیەوە ڕێژەی بەرهەمهێنان و دروستکردنیان زۆر زیادیکردوە، بەجۆرێک هەر زو ناوبانگی شمشێر سازەکانی ئەسفەهان لەسنورەکانی ولات چۆتە دەرەوە،( نوایی، و غفاری فرد، ١٣٩٢ ،٣٦٧) بەو نەخش و گوڵ و دارو شێوە ئاژەڵانەی کەلەسەریان نەخشێنرا بوون.( صفاکیش، ١٣٩٠، ٥٣٨)

لەڕاستیدا، چەک و تەقەمەنی تا سەردەمی شا عەباسی یەکەم ،وەک خۆی مابۆوە،بەڵام لەسەردەمی ئەودا بەهاوکاری ئینگلیزەکان، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات، ئەو دەرفەتەش لەساڵی ١٥٩٨ بۆ شا ڕێکەوت کاتێک وەفدێکی (٢٥)کەسی ئینگلیز بەسەرکردایەتی هەردو برا ( ڕۆبرت شێرلی و ئەنتۆنی شێرلی) سەردانی ناوبراویان کردوە بەمەبەستی بەخشینی ئاسانکاری بازرگانی بەئینگلیزەکان لەئێراندا. (تەققوش، ٢٠١٠، ١٠ -١١)کاتێک ئەم وەفدە پسپۆڕی تایبەتی دروستکردن و بەکارهێنانی چەکی تۆپیان لەگەڵ بوە، کەمەشقی بەسەربازە ئێرانیەکان کردوە، هاوکات شا بەهاوکاری وەفدەکە کارگەیەکی دروستکردنی تۆپ و تفەنگی بنیاد ناوە، کەبەهۆیەوە سوپاکەی بە (٥٠٠ ) تۆپ و (٦٠ ) هەزار تفەنگ پڕ چەک کردوە، ئەوە جگە لەوەی ئەم وەفدە لەدانانی نەخشەی شەڕەکانیش هاوکاری ئێرانیەکانیان کردوە.( جومعە، ٢٠١٥ ،٧٧)

هەروەک لەنوسینەکانی یەکێک لەڕەهبانیە مەسیحیەکانی هاوسەردەمی شاعەباس بەناوی ( پل سیمون) دەردەکەوێت، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات هەرکات سەردانی شاعەباسیان کردبێ، یان سەیری چەکێکی دەکرد یان شمشێرێکی تیژ دەکرد، یان پشکنینی تفەنگێکی دەکرد، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی سەربازەکانی وەک سەربازی ئەوروپی بەهێزبن، بەهۆی ئەوەوە خۆشەویستیەکی زۆریشی بۆشەڕ و چەک هەبوە.( بیانی، ١٣٥٣، ٦٥)

لەڕوی چەکی بەرگریشەوە، کە قەڵغان بوە،بوارێکی فراوانی بۆ کانزاکاری هێنایە ئاراوە، کە پۆڵای تیدا بەکار هێنراوە بەشێوەیەکی سوک بۆ ئەوەی ڕێگری لەجوڵەی زرێپۆشەکان بکات.( صفاکیش، ١٣٩٠، ٥٣٩) بۆیە سەفەویەکان پێشکەوتنی باشیان لەو بوارەدا بەدەستهێناوە، کە لەئاسنی پتەو شێوەی چوارگۆشەیی و لاکێشەیی دروست کرابون، لەکاتی شەڕەکان لەپێشەوەو لای ڕاست و چەپی سوپا بۆ بەرگری و داپۆشینی سنگ بەکاردەهێنران، زۆرجار بەقوماشی ئەستور یان ئاوریشم دادەپۆشران، چەندین مەڵبەندی دروستکردنی ئەو چەکانە لەشارەکانی تەوریز و ئەسفەهان و شیرازو یەزدو هرات بنیاد نرابون. (نوایی،و غفاری فرد، ١٣٩٢ ، ٣٦٧ -٣٦٨)

بەگشتی دەتوانین بڵێین لەسەردەمی شاعەباسدا، سوپای سەفەوی چەکی گەرم و ساردیان بەکارهێناوە، کەچەکە ساردەکان خۆی لەکڵاو، زرێ، چوار ئاوێنە، قۆڵبەست، پشتێن، چەقۆ، چەقۆی ئەژنۆ، چەقۆی قاچ، تیر، کەوان، شمشێر، خەنجەر ،قەڵغان، چەقۆی هەشت پەڕ... بینیوەتەوە، هەرچی چەکی گەرمیش بوو، بریتی بوون لە تۆپ، تفەنگی فتیلەیی و چەخماخی، شەمخاڵ و شەمخاڵچی ( تفەنگی گەورەو قورس)، پشتو( دەمانجەی گەورەو درێژ)، هاوەن و موشەک.(بۆ زانیاری و پێکهاتەی هەریەک لەو چەکانە بڕوانە: (ذکاء، ١٣٥٠، ١٨٩- ٢٠٨)

## ٥.کاریگەریی پێکهاتەی سوپا لەسەر دەوڵەت لەسەردەمی شاعەباسی یەکەم

دەوڵەتی سەفەوی وەک دەوڵەتێکی سەربازیی، هەمیشە لەهەوڵی مانەوەی خۆی دابوو لە ڕوبەڕوبونەوە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا، بۆیە بوونی پێکهاتەی سوپا واتای بەهێزی دەوڵەتی دەگەیاند، لەسەرەتادا قزڵباشەکان بڕبڕەی سوپای سەفەویان پێکدەهێنا، ئەوانیش وەک هێزێکی پیرۆزو خودایی سەیری شا ئیسماعیلیان دەکرد، بۆیە بەباشی گوێڕایەڵ و هاوکاری شابوون تا لەقۆناغی یەکەمدا دەوڵەتیکی بەهێز دابمەزرێنێت، هەروەک ڕاچر سێڤری و فلسفی دەڵێن: "بێ شمشێری قزڵباشەکان نەدەگەیشتە ئامانج".( ٢٠٠٦ ، ٧٧-٧٨؛ ١٣٤٧ ،١٦٥- ١٦٦)بەڵام هێندەی نەخایاند کەموکوریەکانی ئەو سوپایە دەرکەوتن،بەتایبەت دوای جەنگی چاڵدێران (١٥١٤ز)، هەم زۆربەی سەرکردەکانی لەدەست دا، هەمیش تێڕوانینیان بەرانبەر شا ئیسماعیل کاڵبۆوە، ئەمە وێڕای ئەوەی هەر لەبنەڕەتدا ئەو هێزانە لەلایەن سەرۆک هۆزەکانیان فەرماندەیی دەکران و فەرمانیشیان هەر لەوان وەردەگرت، بۆیە دەسەڵاتی شا لەسەر ئەو هێزانە لاواز بوو، لەهەمان کاتدا مەترسی هەڵگەڕانەوەشیان هەبوو.(نوایی ،و غفاری فرد، ١٣٩٢ ،٣٠٤)

لەلایەکی ترەوە قزلباشەکان، کە بەرەگەز تورکی ئازەری بون، خۆیان بەگەورەتر و لەپێشتر دەزانی لەئێرانیەکان، بۆیە هەمیشە ململانێ و دژایەتی بەرپرسە بەرەگەز ئێرانیەکانیان دەکرد.( سێفری، ٢٠٠٦ ،٨٢)

سەرەرای ململانێی رەگەزە ناتورکەکان، قزلباشەکان لەناوخۆشیاندا لەململانێ و کێبرکێیی توندا بوون لەسەر دەسەلات، بەتایبەت کاتێک شایەک دەمرد، هەریەکەیان هەوڵی دەدا شازادەیەکی نزیک لەخۆی بکاتە شای ئێران و خۆشی ببێتە لە(وەصی) بەسەریەوە، ئەمەش زۆرجار شەری خوێناوی لێدەکەوتەوە، هەروەک شەری نێوان هۆزی شاملو و ئوستاجلو و تەکەلو دوای مردنی شا ئیسماعیل لەساڵی (١٥٢٤)، لەئەنجامی ئەو ململانێ ناوخۆیانەدا دەوڵەت بەرەو لاوازی رۆیشت، بەهۆی ئەمەشەوە بووە جێگای چاوتێبرینی وڵاتانی دەرەکی، بەتایبەت ئۆزبەکیەکان لەرۆژهەلات و عوسمانیەکان لەرۆژئاوا.( سێفری، ٢٠٠٦ ،١٠٣- ١٠٧)

جگە لەسروشتی خێڵەکی و ناتەبایی هێزەکانی قزلباش، لاوازی چاکسازی بەتایبەتی نەبونی تۆپ و تفەنگ، یەکێکی تر بوو لەخاڵە نەرێنیەکانی ئەو هێزە، ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی لەسەر ئەنجامی جەنگەکان هەبوە ، لەبەرژەوەندی نەیارەکانی بەتایبەت عوسمانیەکان.( yarshater,1985,504/11)وەک دەردەکەوێت، بیروباوەرو خورەوشتی سەفەویە سەرەتاییەکان کاریگەر بوون لە گرنگی نەدان بەچەکی ئاگرین.( خلیلی، ١٣٧٨، ٤١) ئەگەرچی شا تەهماسب بەزیادکردنی رەگەزی گورجیەکان بۆ سوپاکەی، هاوسەنگیەکی باشی بەدیهێنا لەناو سوپادا،( نوایی و غفاری فرد، ١٣٩٢ ،٣٠٤) بەڵام لەروی چاکسازیەوە ئەو سەردەمە پێشکەوتنێکی زۆر گەورەی بەخۆوە نەبینی، سەرباری ئەوەی بایەخدانی تەهماسب بەچەکی ئاگرین بەتایبەت تۆپ، کە لەشەرەکانی دژ بە ئۆزبەکیەکان بەکاریهێنا کاریگەریی لەسەر دەرئەنجامی جەنگەکە هەبوو، کە لەبەرژەوەندی سەفەویەکان تەواو بێت، ( گومەتاڵی، ٢٠١١ ،١٣٩) هەرچەندە لەکۆتاییەکانی تەمەنی شا تەهماسب دەردەکەوێت، کە شا زیاتر لەهەوڵی کۆکردنەوەو عەمبارکردنی چەکەکاندا بوو، ئەمەش وایکرد بوو کەمتر بەسوپاوە خەریکبێت.( غفوری، ١٣٨٩ ،٣١٩)

بەمجۆرە تا سەردەمی شا عەباس (١٥٨٧- ١٦٢٩) لاوازی پێکهاتەی سوپایی هەمیشە هۆکاری لاوازی دەوڵەت بوە،بەڵام کاتێک شا عەباس دەسەلاتی گرتە دەست، هەستی بە مەترسی قزلباشەکان و نەبونی چەکی پێشکەوتو کرد،بۆیە هەر زو هەوڵی پێکهێنانی هێزێکی نوێ و پر چەککردنی بەچەکی پێشکەوتو دا، لەئەنجامی ئەوەشدا شا عەباس هەم لەناوخۆدا توانی دەسەلاتی ناوەندی بەهێز بسەپێنێت ( احمد و مراد، ١٩٩٢ ،٢٥-٣٣؛ راوندی،١٣٨٢ ، ٣٩٨) ئەم هەنگاوەی شا عەباس وایکرد خەڵکی ئێران لەئەمنیەت و ئاسایشدا بن، بەجۆرێک رێگری و دزی کۆتایی بێت و دەست بردنی حاکم و دەسەلاتداران و دەست رۆیشتوەکان بۆسەر خەلکی کەم بێتەوەو بکەونە سەر سکەی خۆیان و ئاسودەتر لەجاران دەربکەون.( ڕاوندی، ١٣٨٢ ، ٤٠١)تەنانەت بوە هۆکارێک بۆ پارێزگاریکردنی کاروانە بازرگانیەکان، ئەویش لەئەنجامی جێگیرکردنی هێزی سەربازی بەدرێژایی ڕێگا بازرگانیەکان و دەستگیرکردن و لەناوبردنی چەتەو ڕێگرەکان. (کەریم، ٢٠١٥، ٥٩)هەم لەئاستی دەرەوەش توانی مەترسی ئۆزبەگ و عوسمانی و پورتوگالیەکان لەسەر وڵاتەکەی نەهێڵێت و تەنانەت داگیرکاری نوێش ئەنجام بدات.( احمد و مراد، ١٩٩٢ ،٢٥-٣٣؛ راوندی،١٣٨٢ ، ٣٩٨)لەهەمان کاتیشدا توانی دەسەلاتی دەوڵەتی سەفەوی لەمەترسی یاخیبون و پیلانی قزلباشەکان بپارێزێت، ئەوە سەرباری ئەوەی شکاندنی دەسەلاتی سەربازی و سیاسی سەرۆک خێڵ و بنەماڵە کۆنەکان، ئەوانەی کە شانازیان بەرچەڵەک و دەسەلاتە بۆماوەییەکانەوە دەکرد بەرەو لەناوچون رۆیشتن و کەسانی پێگەیشتو خاوەن رێزو رەوشت لەسەربنەمای شایستەیی و لێهاتویی شوێنیان گرتەوە.( فلسفی، ١٣٥٣، ١٢١)

ئەگەرچی بەهۆی کەمکردنەوەی دەسەلاتی قزلباشەکان، گۆرانکاری بنەرەتی لەپێکهاتەی دەوڵەتی سەفەویدا رویدا و شاعەباس سەرکەوتو بوو لەوەرگرتنەوەی دەسەلات لەهۆزەکانی تورکمان و سوپایەکی نوێی دروست کرد ،سەرباری ئەوەی نەیتوانی کۆتایی بەململانێی بەردەوامی نێوان هۆزەکان بهێنێت، بەڵام توانی لانیکەم رێگری لەکاریگەریی خراپ لەسەر دەوڵەت بکات.( رویمر، ١٣٨٠، ٣٥٠- ٣٦٦) واتا سیاسەتی شاعەباس بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەو راگرتنی دۆخی دارمانی ناوخۆو نەهێشتنی چرپونەوەی لاوازییەکانی ناوخۆ کاریگەر بوو بەوەی بۆی دەرکەوت، کە هۆکاری لاوازی و لەت بونی سوپا بەهۆی ململانێکانی ناوخۆوە بوە، هەروەها هێزی سەربازیش تایبەت نەبوە بەدەوڵەت، بۆیە کەوتە پاکتاوی ئەو هێزانەی کە لەناوخۆ هەبوون بەتایبەت قزلباشەکان.

لەبەرئەوە، شاعەباس بەتەواوی بەدوای دروستکردنی سوپایەکی بەهێزو کاریگەردا دەگەرا، بۆیە هەموو دەرفەت و تواناکانی بەکارهێنا، بەجۆرێک سودی لەزۆربەی خێڵ و هۆزەکان و تەنانەت ئایینە جیاوازەکانیش وەرگرت بەمەبەستی هاوسەنگی سەربازی، بۆیە سروشتی بوو کە شاعەباس ستراتیژێکی تەواو ئامانجدار پەیرەو بکات بەهێنانی جۆرجی و خەڵکی باکوری ئێران و پێدانی پێگەی شیاو لەدەربارو سوپادا کاریگەریی گەورە لەسەر پێکهاتەی سوپای سەفەوی دروست بکات.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١ ، ٨٨) لەگەڵ ئەوەشدا، پشتگوێخستنی هێزی دەریایی لەلایەن شا عەباس، وەک یەکێک لەخاڵە لاوازەکانی ئەو سوپایە تا کۆتایی دەوڵەتی سەفەوی وەک خۆی مایەوە، بەجۆرێک هەنگاوەکانی شا عەباس لەو بارەیەوە تەنها مەترسی پورتوگالیەکانی بەمەترسی ئینگلیزەکان گۆری.( جومعە، ٢٠١٥ ،٧٨)

لەرێکخستنی سوپای نوێی سەفەویدا، سێ هۆکار پێویست بوو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی شاعەباس، ئەوانیش خۆی لەبەرقەرار کردنی ئاشتی ناوخۆیی و فراوانخوازی و پاراستنی خاکەکەی یان بەناچاری وەرگرتنەوەی ناوچە لەدەست چوەکانی دەبینیەوە،کە ئەم سێ هۆکارە بەگشتی بەتایبەتمەندی سوپای هەر وڵاتێکی بەهێز دادەنرێن، بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە سەربازیە خێڵاتیەکان و نەمانی دڵسۆزی بۆ سەرۆکەکانیان، بەشێوەیەکی سروشتی دیسپلینێکی زیاتر دروست بوو بەو پێیەی بەشە خۆراک و موچەیان لەکاتی خۆی دەدرا، لەهەمان کاتدا وازهێنانی ئارەزومەندا ورده ورده بەرەو نەمان دەچوو.( بیانی، ١٣٥٣ ،٦٨؛ طاهری، ١٣٨٦، ٣٧١) بەڵام بوونی توانای خێرایی و هێزی ئاگرین لەسیستەمی سەربازی سوپای سەفەویدا لەو سەردەمەدا بونی نەبوە، یان ئەگەر هەبوبێت ئەوا بەتەواوی نەرێتی بوەو هیچ کام لەنوێگەری تێدا نەبوە، هەر بۆیە شاعەباس بەتەواوی پێشوازی لەهەر دەرفەتێک دەکرد کە بۆ نوێکردنەوەو تەیارکردنی سوپا بەکەرەسەی مۆدێرن و پێشکەوتوی رۆژئاوای ئەو سەردەمە بخرابایە رو، بۆیە کاتێک شاندێکی ئینگلیز بەسەرۆکایەتی ( ئەنتۆنی شیرلی و رۆبرت شیرلی) [12] لە گەشتێکدا هاتبونە رۆژهەلات وەک گەشتێکی بازرگانی و سیاسی، لەلایەن شاعەباسەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکراوە بەئامانجی هەنگاونان بەرەو خۆرئاوا دژی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەو مەبەستە کەوتنە دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانە کە دواتر بون بە بناغەی نوێکردنەوەی پێکهاتەی سوپای دەوڵەتی سەفەوی.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٨٩- ٩٠) لەرێگای ئەم سوپایەشەوە متمانەی زۆری بەئاسایشی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp58-69

ناوخۆ و یەکلایکردنەوەی شکستەکانی ڕابردوی دەوڵەتی لەگەڵ عوسمانیەکان بۆ دروست بوو.(طاهری، ١٣٨٤، ٣٧٣)

لەماوەی مانەوەی ڕۆبرت شیلی و پێنج کەس لەشاندە ئینگلیزیەکە لەئێران و لای شاعەباس، بە حوکمی ئەوەی بەتەواوی ئاگاداری بەکارهێنان و دروستکردنی چەکی ئاگرین بوون، ڕۆڵێکی کاریگەریان لەتەیارکردن و کاملکردنی ڕێکخستنی سوپای ئێراندا هەبوو بەهۆی هەستکردن بە پێویستی بەپەلەی سوپای ئێران بەتفەنگ و تۆپ، چونکە ئەوە ڕون بۆوە، کە شێوازی شەڕی سوارەی نیزامی کۆن کاریگەری بەرانبەر سوپای ئاسایی نیە، بۆیە هەوڵی چاکسازی لەسوپاداو دابینکردنی چەکی نوێ و کرانەوەی ئێران بەرووی ئەورووپییەکانداو هاتنی برایانی شێرلی یارمەتیدەر بوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی شاعەباس لەپێکهاتەی سوپای دەوڵەتەکەیدا.( زرین کوپ، ١٣٧٥، ٥٨)

لەهەمان کاتیشدا، هۆکارێکبوو، کە شاعەباس بەو هێزە چەکدارو تەیارو مەشقپێکراوەی دەرەوەی قزڵباس بیرۆکەی ئەوەی لا گەڵاڵە بێت، کە هێرش بکاتە سەرعوسمانیەکان لەهەرێمەکانی ئێران لەرۆژئاواو باکور تابیانکاتە دەرەوە.( نوائی، ١٣٦٤، ٢١٤)

یەکێک لەڕوداوە گرنگەکان ئەوە بوو، کە لەنێو هاوەڵانی برایانی شێرلیدا کەسێکیان لەگەڵ بووە، کە شارەزاو کارامەیەکی زۆری لەهونەری دروستکردنی تۆپ و هاویشتنی فیشەک هەبوو ، بۆیە بەو خۆشەویستی و زانیاریەی کە ئەم بیانیە تازە هاتوانە هەیانبوو لەگەڵ ئەو ئارەزوەی، کە شای گەنج( شا عەباس) نیشانی دەدا بۆ دروستکردنی تۆپخانە لەئێراندا بەتێپەربونی کات بوە ڕاستیەکی بڕیارلێدراو.(  طاهری، ١٣٨٤ ، ٣٧٢)

هەر بۆ ئەو مەبەستە برایانی شێرلی هاوکاری شاعەباسیان لەدروستکردنی چەکی ئاگرین کرد، هەروەها پێکهێنانی فەیلەقی تفەنگ لەو سەردەمەدا بەئامۆژگاری و ڕاسپاردەی سێر ئەنتۆنی شێرلی لەلایەن شاعەباس بووە، لەکاتێکدا دەزانین کەچەکی ئاگرین لەڕابردودا هەبوە و پاشاکانی سەفەوی ئاشنای بون و هەندێکجار لەشەڕەکاندا بەکاریانهێناوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەوان و سوربونی شاعەباس لەگۆڕانکاری پێکهاتەی سوپادا بەرهەمهێنان و دروستکردنی چەکی ئاگرین لەو بنیاسازیە تەقلدیە دەرچوو و بوە جۆرێکی تەواو پێشکەوتو و مۆدێرن لەو ئۆژگارەدا لەبەر دەستی ئێرانیەکان، کاریگەری ئەم پێکهاتەیەش دواتر لەداگیرکردنی قەڵای ( اند خود) و گەمارۆدانی قەڵای ( نوشتند) دەرکەوت، کە لەشەوێکدا سێ سەد تۆپ و دەهەزار تفەنگ بەیەکجار دەتەقێنران.( فیروز جائی و حیدری، ١٣٩١، ٩٢)یان لەشەڕی بەلخ لەدژی ئۆزبەگیەکان لەساڵی ١٦٠٣ز دا شاعەباس (٣٠٠) سێ سەد تۆپ و دەهەزار تفەنگچی لەگەڵ خۆیدا بردووە.( مینۆرسکی، ١٣٣٤، ٥٥) ئەمەش ئەنجامی کارە بەسودو کاریگەرەکان بوو، پاش ماوەیەکی کەم ئەورووپیەکان نوسیویانە:" ئێرانیە فەتحکەرەکان، لەژێر ڕێنمایی ئەو کەسانە فێری تەکنیکی جەنگ بوون، کە پێشتر هیچ زانیاریەکیان لەبەکارهێنانی تۆپخانە نەبووە، ئێستا (٥٠٠) تۆپی مس و (٦٠) هەزار تفەنگچیان هەیە،... ئێستا زۆر ترسناکتر بوون بەچەکی ئاگرین".(معطوفي، ١٣٩٠، ٦٥٩)

بەمجۆرە توانیان بناغەی سوپایەک بە پلە جیاوازەکانی سوارە و تۆپخانە دامەزرێنن، کە کاریگەری ئەمە وایکرد شاعەباس زو هەست بکات دەتوانێت ڕووبەڕوی سوپای عوسمانی بێتەوە بەئیرادەیەکی بەهێزەوە زۆربەی زەویەکانی لێوەرگرتنەوە، چونکە هێرشەکانیان لەوکاتەدا تێکەڵ بەپیشەسازی گۆگرد بو بوو وە زیاتر ترسناکتر بوون وەک لەڕابردو.( سایکس، ١٣٦٦، ٢٥١)ئەوە سەرباری ئەوەی لەسوپای نوێی سەفەویدا، سزای توندی دیسپلینی باوبوە و لەکاتی هەڵمەتەکانیشدا بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێوە، شاعەباس سزای توندی بەسەر سەرپێچی کاراندا سەپاندوە و یەکەیەکی نوێی لەڕوی ڕێکخستنەوە بۆ سوپاکەی دروستکردوە، کە بچوکترین یەکەی سوپا خۆی لەدە کەس دەبینیەوە و گەورەترینیش لەهەزار کەس پێکدەهات، هەموو ئەمانەش لەپێناو کاریگەر بونی سوپاکەی بوو بۆ گەشەسەندنی دەوڵەتەکەی.( مقتدر، ١٣٢٠، ١٥٧)

هەروەها بەشێک لە نوسەران ئەو گۆڕانکاریە نوێیانەی شاعەباس لەبواری سوپادا وەک تایبەتمەندیەکی حکومەتی سەفەوی وێنادەکەن، کەرۆڵی لەدروستکردنی حکومەتی مۆدێرنی ئێراندا هەبووە، هەرئەویش بوو سیستەمی ئیداری ناوەندی بەرەو بەهێزتر برد، کاتێک سوپایەکی سەقامگیریش بونی دەبێت، ئەوا مەرجێکی پێویستە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی،(سیوری، ١٣٩٤، ١٥٣- ١٥٤ ) چونکە دروستکردنی کادیری هەمیشەیی سوپا یەکێکە لەگرینگیەکانی هێزی سەربازی و کاریگەری سیاسی گەورەش لەسەر لاوازبونی سیستەمی دەرەبەگایەتی دروست دەکات.( صفاکیش، ١٣٩٠، ٤٦٩- ٤٧٠ ) سەرباری ئەوەی سەردەمی شاعەباس بەسەردەمی زێرینی سەفەوی دادەنرێت، لەڕوی پێشکەوتنی چەکسازی و هێزی وشکانیەوە، بەڵام بەکەمتەرخەم دادەنرێت، لەڕوی بنیادنانی هێزی دەریاییەوە و ئەو لایەنە گرنگەی فەرامۆشکردوە، بەڵکو لەو ڕووەوە پەنای بردۆتە بەر بەریتانیەکان بۆ دەرکردنی پورتوگالیەکان لە گەروی هورمز، ئەمەش وایکردبوو کە ئەم ناوچەیە لەژێر داگیرکاری پورتوگالیەکان بگوازرێتەوە بۆ داگیرکاری بەریتانیەکان.(جومعە، ٢٠١٥، ٧٧- ٧٨)

بەکورتیەکەی، بەهۆی پێکهاتەی سوپایەکی وا بەهێز لەلایەن شاعەباسەوە توانی لەچەندین شەڕدا عوسمانیەکان تێکبشکێنێت و ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئێران لەدوژمنەکانی و قەڵا گرنگەکانی وەک( نەهاوەند و تەوریز) پاک بکاتەوە، ڕزگارکردنی ناوچەکانی نەخچەوان و یەریڤان لەدەست هێزەکانی عوسمانی، (13)(١٣) ترسی خستە ناو دەوڵەتی عوسمانیەوە، بەبڕوای مێژونوسان و گەشتیار و ڕۆژهەڵاتناسەکان، سوپای سەردەمی شاعەباس لەگەورەترین هێزەکان بوو لەڕوی چەکی ئاگرین و تۆپخانەوە بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوتە گەورەیەی هەبێت، کە لەعوسمانی و پورتوگالیەکانەوە بەدەست هاتبوو، ئەوە جگە لەوەی پێکهاتەو ڕێکخستن و ڕاهێنانی پلە جیاوازەکانی لەسەر بنەمای سوپای ئەورووپی بووە، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهێز بوونی دەوڵەت هەبوە.س( مقتدر، ١٣٤٧، ٤٩- ٥١) هاوکات لە سیستەمی حوکمرانی ڕەها، هەموو پایەکانی دەوڵەت بەپاشاوە پەیوەستن، دامەزراوەی سەربازیش، یەکێکە لەو پایانە، بۆیە سوپای سەفەوی تاکۆتایی دەسەڵاتی شاعەباس بەباشی و ڕێکوپێکی و لێهاتویی بەڕێوە براوە.( بیانی، ١٣٥٣، ٧٦)

سەرباری ئەو کەموکورتیانەی کە لەسوپای سەفەوی سەردەمی شاعەباس دا هەبوو، بەڵام دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی سەربازی شاعەباس سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا بوو، سەنگ و قورسایی بۆ دەوڵەت گەڕاندبۆوە، ئەوەش زۆر بەڕونی دیار بوو لە نەهێشتنی ئاژاوە ناوخۆییەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی قزڵباشەکان و سەرکەوتنە دەرەکیەکانی لەبەرانبەر دوژمنەکانیدا.

### ٦. دەرئەنجام:

لەئەنجامی خوێندنەوەو خستنە ڕوی دیدو بۆچون و سەرنجی سەرچاوەکان و شیکردنەوەیان دەربارەی پێکهاتەی سوپای سەفەوی سەردەمی شاعەباسی یەکەم، توێژەر بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp58-69

١-پێکهاتەی سەرەتایی سوپای سەفەوی لەسەر بنەمای خێڵەکی بنیات نرابوو، ئەویش بەهۆی دەستێوەردانە زۆرەکانیان ببوە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی ناوخۆیی و دەرئەنجامی بەدبەختی بۆ دەوڵەت لێکەوتەوە.
٢-سوپا پایەی بنەرەتی حکومەت پێکدەهێنێت، بۆیە ئەگەر سوپاو سیستەمی کارگێری نەبێت مانەوە و بەردەوامی ئەو حکومەتە دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە شاعەباس کەسێکی عەقڵانی و دور بین بوو، توانی ئەو کەسانە لەکاروباری ناوخۆی وڵات و سوپا دوربخاتەوە، کە ببونە هۆی ناسەقامگیری بنەرەتی لەوڵاتدا.
٣-بەهێنانە ناوەوەی توخمەکانی گورجی و چەرکەسی و ئەرمەنەکان بۆناو پێکهاتەی سوپای سەفەویەکان، خوێنی نوێی خستە ناو دەمارەکانی پێکهاتە کۆنەکانی سەفەویەوە، کە هەر زو بەهای خۆیان لەکاروباری سەربازی و سوپادا نیشانداو بونە سەرچاوەی خزمەتی گەورە بۆ دەوڵەتی سەفەوی.
٤-بەسود وەرگرتن لەکارامەیی و لێهاتویی کەسانی ئەوروپی وەک برایانی شێرلی پێکهاتەی سوپاکەی بەچەکی ئاگرین تەیار کرد، کە باوەرو متمانەی زۆری بەسیستەمی سوارە و پیادەی سوپاکەی لا دروست بوو.
٥-پێکهاتەی بەڕێوەبردن و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و کەرەستە سەربازیەکان بۆ پاراستن و چاککردنی هێزی سوپا، گوزارشت بوو لەکارە چاکسازییە شایستەییەکانی سەردەمی شاعەباس و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەهێز بوونی دەوڵەت.

## سەرچاوەکان:

بلو، دەیوید(٢٠١٧)، بەسەرهاتەکانی شاعەباس ئوستورەی ئێرانی،و: ئاکام بەسیم، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی.

جومعە، بەدیع محمد(٢٠١٥)، شا عەباسی گەورە ١٥٨٨-١٦٢٩، و: عەزیز گەردی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سالک، داود (٢٠١٧)،بەسەرهاتەکانی نادر شا، و: ئاکام بەسیم، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی.

کەریم، مستەفا محمد،(٢٠٢٢)، پەیوەندییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم ١٥٨٧- ١٦٢٩ ز، تێزێکی دکتۆرای بڵاونەکراوە، بەشی مێژو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر.

مراد و کەریم، خلیل علی ، مستەفا محمد ( ٢٠١٥)، شا عەباسی یەکەم (١٥٨٧-١٦٢٩) و بازرگانی ئاوریشم، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ب١٩، ژ٣، هەولێر.

سیڤری، ڕاجر (٢٠٠٦)،ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگیرانی: صلاح الدین ئاشتی،چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین،سلێمانی.

گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم(٢٠١١)،دەوڵەتی سەفەوی لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەمدا ١٥٢٤-١٥٧٦ز، گۆڤاری مێژو،ژمارە ١٧.

جاف، حسن کریم (٢٠٠٨)،الوجیز فی تاریخ ایران ( دراسه فی تاریخ السیاسی)،ج٣،ط2، دار ئاراس للطباعه والنشر، اربیل.

ارجمندی، اخوی، فاطمة اهنگر، امید (١٣٩٩)، نگاهی به وضعیت غلامان گرجی در ساختار نظامی صفوية در دوره شاه عباس اول، مطالعات ایرانشناسی، تابستان،شماره ١٧. ادرس ثابت

http://www.noormags.ir/view/fa/articlepage/1735437

احمد، ابراهیم خلیل ، مراد ،خلیل علی( ١٩٩٢) ،ایران وترکیا ( دراسه فی التاریخ الحدیث والمعاصر)، الموصل.

بخش، احمد تاج،( ١٣٤٠)، ایران در زمان صفویه، تبریز.

برن، رهر(١٣٤٩)، نظام ایالات در دوره صفوية، ترجمه: کیکاووس جهانداری، ، انتشارات بنگاه ترجمه ونشر کتاب، تهران.

بیانی، خانبابا (١٣٥٣)، تاریخ نظامی ایران دوره صفوی، انتشارات ستاد بزرگ ارتشتاران، تهران.

پاریزی، باستان(محمد ابراهیم)(١٣٧٨)، سیاست و اقتصاد عصر صفوي، انتشارات صفي علیشاه، چاپ اول، چاپ هدی، تهران.

تاپر، ریچارد، (١٣٨٤)، تاریخ سیاسی واجتماعی شاهسون های مغان، ت: حسن اسدی، نشر اختران، تهران.

خلیلی، نسیم( ١٣٨٧)، تاریخ صفویه، ققنوس،تهران.

ذکاء، یحی( ١٣٥٠)، ارتشت شانشاهی ایران از کورش تا پهلوی، چاپخانه وزارت فرهنگ، تهران.

راوندی، مرتضی( ١٣٨٢)، تاریخ اجتماعی ایران،جلد چهارم،بخش دوم، چاپ دوم،موسسه انتشارات نگاه، تهران.

رضایي ،عبدالعظم (١٣٧٨)، گنجینه تاریخ ایران ( صفویان، افشاریان، زندیەو قاجار)، نشر اطلس، تهران.

رویمر، هانس روبرت ( ١٣٨٠)، ایران در راه عصر جدید: تاریخ ایران از ١٣٥٠ تا ١٧٥٠م، ترجمەی أذر أهنچي، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.

زرین کوب، د.عبدالحسین ( ١٣٧٨)،روزگاران تاریخ ایران از اغاز تا سقوط سلطنت پهلوی، چاپ پنجم، چاپخانه مهارات، تهران.

زرین کوپ، عبدالحسین (١٣٧٥)، روژگاران دیگر ( از صفویه تا عصر حاضر)، انتشارات علمی، تهران.

سایکس، سر برسی ( ١٣٦٦)، تاریخ ایران، ترجمه سید محمد تقی فخرداعی گیلانی، دنیای کتاب، تهران.

سیوری، راجر.م( ١٣٩٤)، در باب صفویان، ترجمەی: رمضان علی روح الهی، چاپ دوم، چاپ دالاهو، نشر مرکز، تهران.

ثواقب، جهانبخش ( ١٣٩١)، نگرشی برسازمان سپاه عصر شاه عباس اول صفوی، پژوهشنامه تاریخ، شماره ٢٩، علمی – پژوهشی/ .isc ادرس ثابت

http://www.noormags.ir/view/fa/articlepage/1117804

شاردن، جان(١٣٧٤) سفرنامه شاردن، ترجمه: اقبال نیعمایی،جلد سوم، چاپ اول، چاپخانه حیدری،تهران.

شرلی (١٣٥٧)، سفرنامه برادران شرلی در زمان شاه عباس کبیر، ترجمه: اوانس، چاپ دوم، انتشارات کتابخانه منوچهری، تهران.

شیبانی، نظام الدین مجید ( ١٣٤٦)، تشکیل شاهنشاهی صفویه، انتشارات دانشگاه تهران، شماره ١١٣٨، تهران.

صباغ، عباس اسماعیل (١٩٩٩)،تاریخ العلاقات العثمانیه الایرانیه،ط1،دار النفائس، بیروت.

صفاکیش، دکتر حمید رضا (١٣٩٠) ، صفویان در گزرگاه تاریخ، چاپ: دایره سفید، انتشارات سخن، تهران.

طاهری، ابو القاسم (١٣٨٤)، تاریخ سیاسی واجتماعی ایران از مرگ تیمور تا مرگ شاه عباس، چاپ پنجم، انتشارات علمی وفرهنگی، تهران.

غفوری، علی(١٣٨٩)، تاریخ جنگهای ایران از ماد هاتا به امروز، چاپ دووهم، موسسه اطلاعات، تهران.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp58-69

فلسفی، نصرالله(۱۳٤۷)، زندگانی شاه عباس اول، جلد اول (شماره ۹۸۳/۱) چاپ چهارم،انتشارات دانشگاه تهران،تهران.

فلسفی، نصرالله(۱۳۵۳)، زندگانی شاه عباس اول، مجلد سوم (شماره ۹۸٤/۳) چاپ سوم،انتشارات دانشگاه تهران،تهران.

فیروز جائی، حیدری، علی غلامی،سعید ( ۱۳۹۱)، سازمان نظامی صفوی از اغاز تا پایان دوره شاه عباس کبیر، پژوهش در تاریخ، دور ۳، شماره ۲.

قدیانی، عباس(۱۳۸٤)، تاریخ فرهنگ وتمدن ایران در دوره صفویه، چاپ اول. چاپ: کامران، انتشارات فرهنگ مکتوب،تهران.

کمپفر، انگلبرت (۱۳٦۳)،سفرنامه کمپفر، ترجمه: کیکاوس جهانداری، چاپ سیهم، شرکت انتشارات خوارزمی، تهران.

المحامی، محمد فریدبک، تاریخ الدولة العلیة العثمانیة، دار الجیل، بیروت.

محدث، میر هاشم(۱۳٦۱)، تاریخ قزلباشان، چاپ اول، انتشارات بهنان، تهران.

معطوفی، اسدالله(۱۳۹۰)، تاریخ چهار هزار ساله ارتش ایران، جلد دوم، چاپ دوم، انتشارات ایمان، تهران.

مقتدر، سرهنگ علا محسین(۱۳۲۰)، تاریخ نظامی ایران، چاپ سوم، چاپخانه بهار.

مقتدر، شا دروان سر لشکر غلامحسین ( ۱۳٤۷)، پاسداران شاهنشاهی ایران در ادوار مختلف تاریخ، شورای مرکزی جشن شاهنشاهی ازربایجان، چاپخانه باستان، تبریز.

مینورسکی(۱۳۳٤)، سازمانی اداری حکومت صفوي یا تحقیقات وحواشی و تعلیقات مینورسکی بر تذکره الملوک، ترجمه: مسعود رجب نیا، کتابفروشی زوار، تهران.

نخجوان، سپهبد محمد ( ۱۳۵٤)، تاریخ ارتش شاهنشاهی ایران، بدون مکان طبع.

نوائی، دکتر عبدالسین(۱۳٦٤)، ایران وجهان از مغول تا قاجاریه، موسسه نشر هما، چاپ اول، چاپخانه صنوبر، تهران.

نوایی، دکم تر عبدالحسین ، غفاری فرد، دکتر عباسقلی ( ۱۳۹۲)، تاریخ تحولات سیاسی ،اجتماعی ،اقتصادی وفرهنگی ایران در دوران صفویه، چاپ نهم، چاپ مهر، سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشتگاه ها (سمت)، تهران.

ورهرام، غلامرضا (۱۳٦۸)، نظام حکومت ایران در دوره اسلامی، موسسه مطالعات وتحقیقات فرهنگی، تهران.

---

1 . وەزیری ئەعزەم یان وەزیری گەورە بەرانبەر پۆستی سەدری ئەعزەم بوو لەدەوڵەتی عوسمانی، لەناو دەوڵەتی سەفەویدا دووەمین پۆستی گرنگ و گەورە بوو لەدوای شا، ئەم پۆستە لەسەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم دامەزرا بەناوی ( وەکیلی نەفسی نەفیسی هومایۆن)، کە لەبنەڕەتدا بەواتای هاوکارو یاریدەدەی شا دەهات بۆ کاروباری دونیایی، بەڵام لەسەردەمی شا تەهماسبدا ناوی پێگەکە گۆڕا بۆ وەزیری ئەعزەم و لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمدا پەرەی زیاتری پێدراو ناوەکەی گۆڕا بۆ ئیعتمادو لدەولە.( کەریم، ۲۰۲۲، ۵۳).

2 . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆزەکانی قزڵباش و پێکهاتەی سوپاکەیان، بڕوانە: (محدث، ۱۳٦۱)

3 . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پلەو پایەی میری میران، بڕوانە تەوەرەی سێیەم، چاکسازیەکانی شاعەباسی یەکەم لەبواری سوپادا.

4 . سەبارەت بەژمارەی تەواوی ئەم هێزە، بۆچونی جیاواز هەیە، هەندێک دەڵێن ( ۲۰ ) بیست هەزار کەس بوە،( معطوفی، ۱۳۹۰ ، ٦٦۰؛ مقتدر، ۱۳۲۰، ۱۵۵) بەڵام شاردن بە ( ۱۲ ) دوانزە هەزار سەربازی داناون، هەروەها لە ڕاپۆرتەکانی کەمپفر و تاڤێرنێ و جملی کاریدا ژمارەیان گەیشتۆتە ( ۵۰ ) پەنجا هەزار کەس. بڕوانە: ( ثواقب، ۱۳۹۱، ٦۷) لەڕاستیدا دەشێت هەریەکێک لەو ژمارانە بە قۆناغێکی دیاریکراوی سەردەمە جیاوازەکانی شاکانەوە پەیوەست بێت.

5 . بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم سوپا سەربازییە لەدەوڵەتی عوسمانی بۆ سەردەمی میراتی ئۆرخانی کوڕی عوسمان ( ۱۳۲٦- ۱۳۵۹) دەگەڕێتەوە، ئەویش دروستکردنی سوپایەکی پیادە بوو لەکەسانی ناتورک بۆ ئەوەی ببێتە کاکڵەی سوپایەکی بەردەوامی پیشەیی، بەڵام ڕێکخستن و تەواوکردنی پێداویستیەکانی لەسەردەمی سوڵتان محمدی دووەم ( ۱٤۵۱- ۱٤۸۱) بوو، لەسەرەتادا ناویان ( ینی شهری) بوو واتا ( سوپای تازە) بەڵام لەدواتردا ئەم ناوە وردە وردە گۆڕانی بەسەرداهات و بوو بە ئینکیشاری.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە المحامی، ۱۹۹۷، ۱۲۳).

6 . یوزباشی، وشەیەکی تورکیە بەواتای فەرماندە دێت،لەدەوڵەتی سەفەویدا بەفەرماندەیی سەد سەرباز وتراوە یوزباشی.( تاپر، ۱۳۸٤، ٤۳).

7 . بەگوێرەی هەندێ بۆچونی دیکە ژمارەی ئەم هێزە نزیکەی (٤۰) چل هەزار سەرباز بوە. بڕوانە:( فیروز جائی و حیدری، ۱۳۹۱، ۸۰).

8 . سەبارەت بە ژمارەی توپچیەکان، ئاماژەی تر هەیە، کە لەسەرەتادا لە (٤) چوار هەزار کەس پێکهاتوە، کە فەرماندەی گشتی تۆپخانە پێوتراوە ( ئەمیری تۆپخانە).( فیروز جائی و حیدری، ۱۳۹۱، ۸٦؛ مقتدر، ۱۳۲۰، ۱۵٦؛ ذکاء، ۱۳۵۰، ۱۸٦).

9 . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پلەوپایە گرنگەکانی سەردەمی شاعەباسی یەکەم بڕوانە ( مقتدر، ۱۳٤۷، ٤۳- ٤٤)

10 . تیول، وشەیەکی تورکیەو واتای خاوەنداری یان هەڵسوکەوتکردنی زەوی دەدات، ئەو پارچە زەویانەش دەگرێتەوە، کە دەبەخشرانە فەرمانبەرانی دەوڵەت بەشێوەیەکی کاتی لەبری موچەی ساڵانە، لەبەرانبەردا دەبوو بەپێی داخوازی ژمارەیەک سەربازی دیاریکراو بخەنە ژێر ڕکێفی حکومەتەوە.( شاردن، ۱۳۷٤، ۱۲۵۸).

11 . بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی شاعەباسی یەکەم دراوی باو بریتی بووە لە زێڕو زیو و مس، ئەگەرچی زێڕ کەمتر لەمامەڵە ئاساییەکاندا بەکارهێنراوە، گرنگترین جۆرەکانی دراوی سەردەمی شاعەباسیش بریتی بوون لە ( عەباسی ، شاهی ، بیستی و غازبێگی)، بچوکترین سکەی دراوەیش بریتی بوو لە دینار، ئەگەرچی دراوی تومان، پارەیەکی دیاریکراو نەبوو، بەڵام ئامرازێک بوو بۆ لێپرسینەوە بۆ ئاسانکاری مامەڵەکان سودیان لێوەردەگیرا، کەهەر(۵۰) عەباسییەک بەیەک تومان ناودەبرا.(بڕوانە:فلسفی، ۱۳۵۳، ۲۵۹).

12 . بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەڕۆڵ و کاریگەریی ( ڕۆبرت شیرلی و ئەنتۆنی شیرلی) لەتەیارکردن و ڕێکخستنی سوپای سەفەوی لەسەردەمی شاعەباسی یەکەمدا، بڕوانە: (سفرنامەی شرلی، ۱۳۵۷).

13 . دەربارەی سەرکەوتنەکانی شاعەباس و شەڕەکانی بەمەبەستی گرتنەوەی ناوچە لەدەست چوەکانی پێشوتری بڕوانە:( نخجوان. ۱۳۵٤، ٦۹- ۷٤).




لولە تۆپ و تۆپی برنجی کارخانەی سەفەوی سەردەمی شاعەباسی یەکەم




سەربازێکی قزڵباشی تیرو کەوان بەدەست




(معطوفي، ١٣٩٠، ٧٤٨- ٧٦٩)



زرێی سەردەمی شا عەباسی یەکەم



شمشێری سەردەمی شاعەباسی یەکەم




تفەنگی سریری و فتیلەیی سەردەمی سەفەوی و شاعەباسی یەکەم